Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10208

# پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە لە زمانی کوردیدا

**ڕێبین خالد خضر [1]** ، **عادل ڕەشید قادر [2]**

1- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستانی عێراق

2-بەشی زمانی کوردی، سکولی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە لە زمانی کوردیدا )، سنووری لێکۆڵینەوەکە لەچوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دایە،بۆیە نمونەی پێویست بەگوێرەی تەوەرەکانی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتەدا،بەپێی ڕێبازی (سینکرۆنی- شیکاریی) شرۆڤەکراوە،بە گشتی ئەوە دەخاتە ڕوو،کە دەنگەکانی زمان کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەیە،بەڵام ڕێژەی کاریگەریی دەنگەکان لەسەر یەکتری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە،چونکە ڕێژەی گونجاوی و نەگونجاوی و پێکەوە هاتن و نەهاتنی دەنگەکان و گۆڕانی قالبەکانی بڕگە لە ئەنجامی خستنە تەکیەکی دەنگەکانەوە،بەهۆی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی هەر زمانێکەوە بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت،لەم ڕووەوە توێژینەوەکە گرنگی بەوە دەدات،دەنگەکانی زمانەکەمان لە ڕووی کاریگەرییانەوە بەسەر یەکتر پۆلێنبکات و هەر لەم ڕووەوە جیاوازی نێوان دەنگی ڤاوڵ و کۆنسنانت و نیمچە (ڤاوڵ/کۆنسنانت) بخاتە ڕوو،هەروەها سنوور و چەقی گۆڕانکارییە دەنگییەکانیش دەست نیشان بکات ،بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردۆتە سەر سێ تەوەرە :- تەوەرەی یەکەم سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە،تەوەرەی دووەم پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی زەبری کاریگەریی و سنوور و چەقی گۆڕانی دەنگەکان خراوەتەڕوو،تەوەرەی سێیەم باس لەپۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە لە زمانی کوردیدا کراوە .

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ڕووپۆشی دەنگ، سازگەی دەنگەکان، دەرچەی دەنگەکان

***Corresponding Author***

## 1-1 سەرەتا

بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی گۆڕانی دەنگ لە ڕووی (سوان و پەیدابوون و تێکەڵاوبوونی دەنگ..هتد) لە زماندا لە کاتی ئاخاوتندا ڕوودەدات،نەك نوسین،بە زۆریش لە ئەنجامی خێرایی لە قسەکردندا ،واتە لەکاتی ئاخاوتنی نافەرمیدا ، نەك ئاخاوتنی فەرمی و ئەکادیمی ، دیاردەی کاریگەریی دەنگەکانیش بابەتێکی مەعنەوی (Abstract) یە و پەیوەندی بە ڕۆنانی ژێرەوەی دەنگەکانەوە هەیە،واتە سەرەتا لە سنووری فۆنۆلۆژییەوە دەستپێدەکات،دواتر ئەم کاریگەربوونەی دەنگەکان لە ڕۆنانی سەرەوەدا لە سنووری فۆنەتیکدا دەردەکەوێت،چونکە فۆنەتیك لایەنی فیزیکی دەنگە و نواندنی وێنەی دەنگەکانە لە نوسیندا،بۆیە ئەگەر سەرنجی نوسراوێکی فەرمی بدەین،هەستدەکەین کەمترین دیاردەی گۆڕانی دەنگیی تێدا ڕوویداوە،ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتن و نوسینەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا هەژموونی فۆنۆلۆژی لە فۆنەتیك زیاترە،چونکە بابەتەکانی فۆنۆلۆژی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان دەگرێتەوە ،بۆیە تێگەیشتن لە دەقێکی نوسراو ئەستەمترە لە چاو دەقێکی گوتراو،ئەمەش بەهۆی کاریگەریی زیاتری فۆنیمە ناکەرتییەکان لە ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستی قسەکەر، تەنانەت لە کاتی ئاخاوتندا سنووری بڕگەکان تێکەڵاو دەبن ،بۆیە قالبی بڕگەکان دەگۆڕێن و سەرلەنوێ قالبی تر بۆ بڕگەکانی وشەکە دادەڕێژنەوە.

کاریگەریی دەنگەکانیش دیاردەیەکی مۆرفۆنۆلۆژییە و دەچێتە چوارچێوەی دەنگسازیی فەرهەنگییەوە ،چونکە لە ئەنجامی کارلێکی یەکە مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان بەگوێرەی یاساکانی دارشتنی وشە و یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە دێتە ئاراوە ، ئەم دیاردە دەنگییە هۆکاری زۆرە لەوانش جێکەوتەی دەنگەکان و سازگەی دەنگەکان و دەرچەی دەنگەکان و ئاسانبوونی جوڵانەوەی ماسولکەیی،بەمەبەستی پاراستنی وزە و ئابووریکردن لە دەربڕیندا و هۆکاری دیالێکتیکی و کەسی و کاریگەریی زمانی دەوروبەر و ...هتد.کاریگەریی دەنگەکانیش لەسەر یەکتری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە،چونکە ڕێژەی گونجاوی و نەگونجاوی و پێکەوە هاتن و نەهاتنی دەنگەکان و گۆڕانی قالبەکانی بڕگە لە ئەنجامی خستنە تەکیەکی دەنگەکانەوە،بەهۆی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی هەر زمانێکەوە بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت ،کەواتە "هەر زمانێك مەرج و قەید و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە،کە سەر بە دروستەی فۆنۆلۆژین و دەتوانرێن بۆ دروستەی فۆنۆلۆژی بگێردرێنەوە ."(عادل ڕەشید قادر،2008،ل8)،بەواتایەکی تر هاوسێیەتی ولێکدوورکەوتنەوەی دەنگەکان بۆ هۆکاری فۆنۆلۆژی دەگەڕێتەوە،چونکە "دەنگەکان دەخرێنە تەکیەك و خراوە تەکیەکەکانیان تەرز(pattern) ی خۆیان هەیە،تەرزەکان لە جۆری ڕێکخستنی کەرسەی دەنگیدا هەن،کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێن و جیاوازن ،مەرج و کۆتوبەندەکان لەسەر دابەشبوونی دەنگەکان لەباری پێشبینیکردنیان لە هەندێك دەنگ لە هەندێك شوێنی دیاریکراودا هەیە،دابەشبوونی تەواوکارانەی (Complementary Distribution) کۆنسنانتە خشۆکە دەنگدار و بێ دەنگەکان لەتەك گیراوە دەنگدار و بێ دەنگەکاندا نمونەیەکە بۆ ئەو مەبەستە {پشتدەر ←پژدەر}."(محەمەدی مەحویی–بەرگی یەکەم،2008،ل145)،هەروەها " دەنگە ئۆپسترۆوێنتە مەڵاشووییەکان /چ/ و /ج/ لە هاوسێیەتییاندا لەگەڵ کۆنسنانتە لوتییەکانی / م / و / ن / دا دابەشبوونێکی تەواوکارانەیان هەیە بڕوانە {قامچی}وە {ئەنجام}لەوە دەچێت ئەم دابەشبوونەیان بۆ مەرجی هاوئۆرگانیی بگەڕێتەوە،چونکە /م/ و /چ/ لەگەڵ یەکدا و / ن/ و /ج/ یش لەگەڵ یەکدا هاوئۆرگانن."(محەمەدی مەحویی،2000،ل25).بەشێوەیەکی گشتی دەنگەکان بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن و هەر جۆرێکیان کۆمەڵێك سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە،بۆیە پلەی کاریگەریشیان جیاوازە ، کە بریتین لە:

## یەکەم- ڤاوڵەکان

لە زمانی کوردیدا زاراوەی (بزوێن) یشی بۆ بەکاردێت،"بەو دەنگانە دەوترێت ،کە لە دەربڕینیاندا هەوا بێ تەگەرە و بە ڕەوانی بە بۆشایی دەمدا تێدەپەڕێ ،واتە ئەو لوزە (تیار)ی هەوایەی لە سییەکانەوە دێ،لە دەمدا هیچ بەربەست و تەگەرەیەکی نایەتە ڕێ."(ئەورەحمانی حاجی مارف ،1976،ل 24). بەگوێرەی ئەلفوبێی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان ژمارەی دەنگە ڤاوڵەکان حەوت دەنگە،کە بریتین لە [ا،ە،ی،ێ،و،ۆ،وو] و پۆلێندەکرێن بۆ دەنگە ڤاوڵە کورتەکان[ و ، ە ، ی ] و ڤاوڵە درێژەکان[ ا ، ێ ، ۆ ،وو] ،هەرچەندە هەندێ جار ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ش زیاد دەکرێت،بەڵام لەم ڕێنوسەدا وێنەی نییە،بەڵکو لە ڕێنوسی لاتینیدا دەردەکەوێت ،کە زۆر لە کێشە و گیروگرفتە دەنگیی و بڕگەییەکان چارەسەر دەکات .

## دووەم-کۆنسنانتەکان

لە زمانی کوردیدا زاراوەی (نەبزوێن) یشی بۆ بەکاردێت،بەڵام ئەم زاراوەیە گونجاو نییە،چونکە هەر دوو زاراوەکە (بزوێن و نەبزوێن) لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی داتاشراوە (حرکیە و غیر حرکیە ) ،هەروەها زاراوەی (نەبزوێن) کە بەرانبەر (کۆنسنانت) بەکاردێت،لە ڕووی زانستی و لۆجیکییەوە گونجاو نییە، چونکە دەنگە کۆنسنانتەکان بۆ دەنگە (دەنگدار و بێ دەنگ) مکان دابەشدەبن،کە لە دەنگە دەنگدارەکاندا تاڵە ژێکانی قورگ دەلەرینەوە ،بەڵام لە دەنگە بێ دەنگەکاندا تاڵە ژێکان نالەرێنەوە،کەواتە زاراوەی (نەبزوێن) تەنیا دەنگە بێ دەنگەکان دەگرێتەوە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (غازی فاتح وەیس ،1984،ل52-54). بۆیە زاراوەی (کۆنسنانت) ی بۆ بەکاردێنین،"کۆنسنانتیش بەو دەنگانە دەوترێت ،کە لە دەربڕینیاندا هەندێ لە ئەندامانی ناودەم لێك نزیك دەکەونەوە یان دەبنە بەربەست بۆ ئەو لوزە هەوایەی لە سییەکانەوە دێ،لە ئەنجامدا لە دەربازێکەوە دێنە دەرێ." (سەرچاوەی پێشوو،ل35).دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیش،بەهۆی لەرینەوە و نەلەرینەوەی تاڵە ژێکانی قورگ بەسەر (دەنگدار و بێ دەنگ و بێ لایەن) دابەش دەبن،بریتین لە [ ئ-ب-پ،د-ت،ج-چ،ز-س،ژ-ش،غ-خ،ح-ع،گ-ك،ڤ-ف،ق،ل،ڵ،ر،ڕ،م،ن،ە،و،ی ] ،دواتر ئەم بابەتی ڕوون دەکەینەوە،بەنەمای پۆلێنکردنی دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان جیاوازە،بەشێوەیەکی گشتی "ڤاوڵەکان بەگوێرەی دوو بنەما پۆلێن دەکرێن،کە بریتین لە:-

١- بار و دۆخی زمان سەبارەت بە مەڵاشوو لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە.

٢- ئاستی بەرزی و نزمی زمان لە کاتی گۆکردنی دەنگە ڤاوڵەکاندا."(کمال محمد بشر ،1975،ل139).

بە گوێرەی بنەمای یەکەم ڤاوڵەکان،دەکرێنە سێ بەش:

ا- ڤاوڵەکانی پێشەوە : بەشی پێشەوەی زمان ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە،وەکو [ ی i- ، ێ- e ] .

ب- ڤاوڵەکانی ناوەڕاست : بەشی ناوەڕاستی زمان ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە ،وەکو [و-u، ە-ə، ا-a] .

پ- ڤاوڵەکانی دواوە : بەشی دواوەی زمان ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە ، وەکو [ وو -:u ، ۆ -:o ].

هەروەها بە گوێرەی بنەمای دووەم،ڤاوڵەکان دەکرێنە چوار بەش:

ا- ڤاوڵە بەرزەکان : لە کاتی دروستکردنیاندا زمان لە حاڵەتی بەرزبوونەوەدا دەبێت ،وەکو [ی-i، وو-:u،و-u ]

ب- ڤاوڵە نیمچە بەرزەکان : لە کاتی دروستکردنیاندا زمان تۆزێك نزمتر دەبێت لە چاو حاڵەتی پێشوو،وەکو [ ۆ-:o ، ێ- e ].

پ- ڤاوڵە نیمچە نزمەکان : لە کاتی دروستکردنیاندا شەویلگەی خوارەوە تۆزێك دادەبەزێت بەمەش زمان نزمدەبێتەوە و دەمیش شێوەی نیمچەکراوە وەردەگرێ ، وەکو [ ە -ə ].

ت- ڤاوڵە نزمەکان : ئەو دەنگانەن لە کاتی دروستکردنیاندا شەویلگەی خوارەوە زیاتر لە دەنگە نیمچە نزمەکان دادەبەزێت ، بەمەش زمان زیاتر نزمدەبێتەوە و دەمیش شێوەی کراوە وەردەگرێ،وەکو [ ا-a ] " (تالیب حوسێن عەلی ،2015،ل85،86). سەبارەت بە کۆنسنانتەکان بە گوێرەی سێ بنەما پۆلێندەکرێن،کە بریتین لە سازگەی درکاندن و شێوەی درکاندن و هەڵوێستی تاڵە ژێیەکان (دەنگدار و بێ دەنگ و بێ لایەن ) ،"(غازی فاتح وەیس،1984،ل59-60 ) و (ئەورەحمانی حاجی مارف،1976،ل24-40)، بەم شێوەیەی خوارەوە :

## یەکەم : سازگەکانی درکاندن

ئەندامێکی درکاندنی چەسپاون بەشداری لە پرۆسەی درکاندنی دەنگەکاندا دەکەن ،کاتێ کە دەلکێن یان نزیك دەبنەوە لە ئەندامێکی تری درکاندنی چالاك ،کە بە درکێنەر ناودەبرێت ،ئاسایی درکێنەر لە خوارەوە دەبێت و سازگەی درکاندنیش دەکەوێتە سەرەوە .زمان و لێوی خوارەوە نمونەی درکێنەرن،بەڵام لێوی سەرەوە و ددانەکان و مەڵاشووی ڕەق . . هتد دەبن بە سازگەی درکاند ،سازگەکانیش بریتین لەم ئەندامانەی خوارەوە : -

1-دەنگە لێوییەکان : ئەو دەنگانەن سازگەکەیان لێوی سەرەوە یان خوارەوەیە، وەك : [ب ،پ،ف،ڤ، م ، و (نیمچە کۆنسنانت) ].

2- دەنگی ددانییەکان : ئەو دەنگانەن سازگەکەیان ددانی سەرەوەیە،وەك [ ت ،د ]،یان لایەکی ددانە، وەك [ڵ ] یان نێوان ددانەکانە ، وەك : [ ر،ڕ ].

3-دەنگە مەڵاشووییەکان : ئەو دەنگانەن سازگەکەیان مەڵاشووی ڕەقە، وەك [ڵ،ش،ژ،ج،چ،ی (نیمچە کۆنسنانت) ] یان مەڵاشووی نەرمە،وەك : [خ ،غ ،ك ،گ ].

4-دەنگە پوکییەکان: ئەو دەنگانەن سازگەکەیان پوکە،لە نێوان ددانی سەرەوە و مەڵاشووی ڕەق ،وەك : [ ن،ز،س]

5- دەنگە زمانە بچکۆڵەییەکان: ئەو دەنگەیە سازگەکەی زمانە بچکۆڵەیە ،وەك : [ق ].

6- دەنگە گەروویییەکان: ئەو دەنگانەن سازگەکانیان گەرووە ،وەك : [ح ، ع ].

7- دەنگە قوڕگییەکان : ئەو دەنگانەن سازگەکانیان قوڕگە ، وەك : [ ئـ ، هـ ].

شایەنی ئاماژە پێکردنە،ئەم دەنگانە بەیارمەتی درکێنەرێکی چالاك، بەنمونەی زمان یان لێوی خوارەوە یان مەڵاشووی نەرم دروستدەکرێن.

## دووەم - شێوەی (چۆنیەتی) درکاندنی دەنگەکان :

دەنگەکانی زمان بە گوێرەی شێوەی درکاندنیان چۆنیەتی دەربڕینیان دەگۆڕێت،ئەمەش پەیوەستە بە باری ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە بەشێوەی تەزوو ئاسا بە سازگەی دەنگەکاندا تێپەڕ دەبێت،هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەخرێتە پێش درکاندنی دەنگەکان ،" سەبارەت بە شێوە (چۆنیەتی) درکاندنی دەنگەکانی زمان بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن:-

**1- دەنگە وەستاوەکان (تەقیوەکان) :** ئەو دەنگانەن کەپێش درکاندنیان تەزووی هەناسە بەتەواوی ڕادەگیرێ و پاشان بەرەڵا دەکرێ، هاوکات لەگەڵا بەرەڵاکردنی تەزووکە تەقینەوەیەکی بچووك ڕوودەدات وەك دەنگەکانی [ ت ، د ، ك ، گ ] ، بۆیە ئەم دەنگانە بەدەنگێکی تەقیو (انفجاری) ناودەبرێن . ڕووداوەکەش بەوەستان یان تەقینەوە ناودەبرێ . تەزووی هەناسە لە شوێنی جیاواز و بەهۆی جیاوازەوە ڕوودەدات ، بۆنمونە بەهۆی داخستنی لێوەکان،وەك : [ ب ، پ ]،یان بەهۆی هاتنەوەیەکی نوکی زمان و بێخی دان وەك [ ت ، د ] ی ئینگلیزی،هەروەها بەهۆی هاتنەوەیەکی نوکی زمان و دانی سەرەوە ،وەك [ت ، د] کوردی و عەرەبی و فەرەنسی ،یان بەهۆی دواوەی زمان و مەڵاشووی نەرم وەك ]ك،گ[ ،یان بەهۆی دواوەی زمان و کۆتایی مەڵاشووی نەرم ،وەك [ق] ،یان بەهۆی هاتنەوەیەکی تاڵە ژێیەکان وەك [ئـ - هەمزە].

**2- دەنگە خشۆکەکان :** ئەم دەنگانەن لە کاتی دروستکردنیاندا جار بەجار تەگەرەیەك دەخرێتە ڕێگەی تەزووی هەناسە،بەهۆی تەسکبوونەوەی ڕاڕەوی تەزوو،وەك دەنگەکانی [ ش-س-ژ-ز-ە-ف-ڤ-ح-خ-ع-غ ] ئەو تەسك بوونەوەیەش دەبێتە هۆی خشانی تەزووی هەناسە بەدیواری ڕاڕەوەکانی دەنگ بۆیە بەخشۆك ناودەبرێن.

**3- دەنگە تێکەڵاوەکان (ئەفریکات):** ئەم دەنگانە لە دوو دەنگی لێکدراو دروست دەبێ: 1- وەستاو(گیراو). 2- خشۆك، هەندێ زمانەوان بەنیمچە خشۆك یان نیمچە وەستاو ناوی دەبەن، وەك[ج] ، كەشی دەكەینەوە لە [د+ژ ]پەیدابووە،هەروەها [چ] ،كەشی دەكەینەوە لە[ ت+ ش ]پەیدابووە.لەم بارەیەوە (عادل ڕەشید قادر) لەو باوەڕە دایە دەنگی [ع]یش دەنگێكی ئەفریكاتە ،چونكە ئەم دەنگە وەكو ئەفریكاتەكان ڕەفتار دەكات لە ڕووی دەربڕینەوە،هەروەها پێیوایە[ع]دەنگێكی تێكەڵاوە لە دەنگی [ئـ+ح]پەیدابووە ،دەنگی [ئـ]دەنگێكی وەستاوە و دەنگی[ح]یش دەنگێكی خشۆكە،ئەوەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەكاتەوە ،خێرایی و هێواشی جوڵانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنە ،بەوپێیەی " لێكجیابوونەوەی ئەندامەكانی هەناسە لەگەڵ یەكتری لە هەر شوێنێكی ئەو دەنگانەی ،كە وەستانی هەوایان پێویستە بەپێی خێرایی و هێواشی لێكجیابوونەوەی ئەو ئەندامانە دەگۆڕێت،ئەگەر لێكجیابوونەوەكە خێرا و كتوپڕبوو ،هەوا بە خێرا و بە شێوەیەكی تەقیو دەردەچێت،تا دەنگەكە بەتەواوی دروست ببێت،دەنگەكەش بە وەستاوی تەقیو وەسف دەكرێت،بەڵام ئەگەر لێكجیابوونەوەكە بە هێواشی بوو ،واتە هەوا دزەی كرد ، هەست بە جۆرێك لە لێكخشاندن دەكرێت،كە دەنگێكی لێوە بەرهەمدێت،كە خشۆكە و لەگەڵیشیدا وەستان دەبێت،ئەم دەنگە بەرهەمهاتووەش پێی دەوترێت وەستاوی خشۆك ،یان تێكەڵ ."(كمال محمد بشر،2000،ل309-310)،بۆیە دەتوانین بڵێین: دەنگی[ع] ئەو سیفەتەی هەیە،بەو پێیەی لە كاتی دركاندنیدا هەست بە جۆرێك لە وەستان دەكرێت،پاشان هەست بە جۆرێك لە لێكخشان دەكرێت،ئەوەش بەڵگەی سەلمێنەرە ،كە لە دەنگی [ئـ+ح] بەرهەمهاتووە ، گۆڕانی دەنگی [ع]بۆ [ح] یش هۆكاری زۆرە ،سەرەڕای ئەوەی دەنگداری[ع] و بێ دەنگی [ح] ،كە بەپێی جێكەوتەیان لە وشەدا دەگۆڕێن،بەڵام زۆرجاران گۆڕانی دەنگی [ع] بۆ [ح] بۆ ئاسانی دركاندنی دەنگی خشۆكی [ح] دەگەڕێتەوە،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،كە ئەم دوو دەنگە هاودەرچەن ،یەكێكی تر لە هۆكارەكانی گۆڕانی ئەم دوو دەنگە بە یەكتر ،بۆ نەبوونی وشەی ڕەسەن بەو دوو دەنگە لە زمانەكەماندا دەگەڕێتەوە،بۆچوونێكیش هەیە پێی وایە هۆكاری گۆڕانی ئەم دوو دەنگە بەیەكتر ،بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،كە ئەلەفۆنی یەكترن،بەڵام تێكەڵكردن و نەكردنی ئەم دوو دەنگە پەیوەندی بەلایەنی خوێندەواری و نەخوێندەواریشەوە هەیە " نارەسەنی ئەم دوو دەنگە لە زمانی كوردیدا و دروستبوونیان لە هەمان شوێنگە(دەرچە) قوڕگدا،تەنیا جیاوازییان : دەنگی [ح] بێ دەنگە و دەنگی [ع] دەنگدارە،هەروەها نەبوونی چەند وشەیەكی ڕەسەن بەهەر یەكێ لەم دوو دەنگە ،هەرچەندە تێكەڵكردنیان لە ناوچێنی ڕۆشنبیران زۆر دەگمەنە،ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ،لە زمانی كوردیدا دەتوانرێ،بە پێوەری زمانەوانی،بەئەلۆفۆنی یەكتر دابنرێن."(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ،2015،ل93). ئەوەی دیاردەی بەئەلۆفۆن بوون و جیاوازی بەكارهێنانی ئەم دوو دەنگە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری لە زمانەكەماندا پشتڕاست دەكاتەوە،دەتوانین بڵێین : ئەلۆفۆنی یەكترن ،چونكە واتا ناگۆڕن ،هەروەها بەگوێرەی" زانستی زمانی كۆمەڵایەتیش دەكرێت بە (سۆسیۆ فۆنیم) یان دابنێین ،چونكە ئەم دیاردەیە لە نێوان كۆمەڵێك ئاخێوەری زماندا،بە جیاوازی جوگرافیا ، تەمەن ، ڕەگەز ، ئاستی ڕۆشنبیری،پلەوپایەی كۆمەڵایەتی ...هتد دەردەكەوێت." (فلوریان كولماس،2009،ل195).بۆیە پێم وایە یەكێك لەو بەڵگانەی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەكاتەوە ،گۆكردنی دەنگی [ع] بە دەنگی [ح] بۆ جیاوازی ئاستی خوێندەواری دەگەڕێتەوە،نەك هۆكاری ڕێنوسی (Orthography)[1]،بەتایبەتیش لە ناوچەی پشدەر و دەشتی دزەییایەتی لە شارەكانی ڕانیە و هەولێر،بۆنمونە: (1)

ا- لە سەرەتای وشەدا ،وەك {عەبدوڵڵا} بە{حەبدوڵڵا}گۆدەكرێت، هەروەها {عومەر } بە{حومەر}گۆدەكرێت.

ب-لە ناوەڕاستی وشەدا،وەك {قورئان} ← قورعان}بە{قورحان}گۆدەكرێت،هەروەها {العان} بە{الحان} گۆدەكرێت.

پ- لە كۆتایی وشەدا ،وەك { بایع } بە{بایح}گۆدەكرێت ،هەروەها {تماع} بە{تماح} گۆدەكرێت...هتد.

شایەنی ئاماژە بۆكردنە،ئەم دیاردەی دەنگ گۆڕكێیە لە زمانەكەماندا لە نێوان دەنگی [ع]و دەنگی [ح]زیاتر لە ناوەڕاست و كۆتایی وشەدایە،چونكە لە سەرەتای وشەدا زیاتر

---

[1] **بەگوێرەی ئەو ڕێنوسەی بۆ ئەلفوبێی زمانی كوردی و عەرەبی بەكاردێت،وێنەی پیتی <ع> و <غ> لە یەكەوە نزیكن، بە واتای ئەوەی لە پیتی <ع> ەوە ،وێنەی پیتی <غ> داتاشراوە،هەربۆیەش زۆر كەس لای وایە <ع> ش خشۆكە وەكو <غ>،كەچی سازگەی ئەو دوو دەنگە زۆر لە یەكەوە دوورن، بەڵام لە ئەلفوبێی فۆنەتیكی جیهانی (I.P.A)دا ، ئەم بابەتە دەنگسازییانە داڕێژراوە ، بۆنمونە : وێنەی پیتی <غ> لە <خ> ەوە نزیكە، واتە وێنەی پیتی <غ>و <خ> ،كە لە یەكەوە نزیكترن بەشێوەی <غ- ɣ >، <خ - X >داتاشراون ،كە هەندێكیان دەكەونە ژێر كاریگەریی دەنگەكانی دواترەوە،وەك :**

**شێخ دارا □ شێغ دارا ، شێخ شەماڵ □ شێخ شەماڵ**

**لە نمونەی {شێخ دارا} هۆكاری گۆڕانی دەنگی [ خ ] بۆ [ غ ] بۆ كاریگەریی دەنگی [ د ]دەگەڕێتەوە لە ڕووی بەهێزییەوە،واتە دەنگێكی دەنگدارە،بەڵام لە نمونەی {شێخ شەماڵ} چونكە دەنگی[ش] بێ هێزە،واتە دەنگێكی بێ دەنگە،بۆیە دەنگی[خ] ناگۆڕێت و وەكو خۆی دەیهێڵێتەوە،هەروەها <ع،ئـ > لە ئەلفوبێی فۆنەتیكی جیهانیدا وێنەكانیان لە یەكەوە نزیكن ،چ لە ڕووی سازگەی دركاندنەوە ،چ لە ڕووی وێنەی پیتەكانیانەوە،بۆیە بەشێوەی<ع-ʕ > و < ئـ - ʔ > داتاشراون،هەر بۆیەش [ع]و [ئـ ]جێگۆڕكێ دەكەن،وەك: ئەرزە ← عەرزە ، ئاسمان ← عاسمان ، قورئان ← قورعان**

دیاردەی دەنگ گۆڕکێ لە نێوان دەنگی [ع]بۆ دەنگی [ئـ] ڕوودەدات،بۆنمونە: (2)

ا- عەبدوڵڵا ←ئەوڵا ب- عومەر ← ئۆمەر

پ- عەزیز ←ئەزیز

**4- دەنگە لووتیەکان:** ئەو دەنگانەن کە لە درکاندنیاندا تەزووی هەناسە بەلووتدا دەڕوا ،وەك [م،ن] ،ئەمەش بەهۆی نزم بوونەوەی مەڵاشووی نەرمەوە بەمەبەستی کردنەوەی ڕێڕەوی لووت ئەنجام دەدرێ ،لەهەمان کاتدا ڕێڕەوی زار لەشوێنێك دادەخرێ ،وەك لە قەراغی لێوەکان بۆ دروست کردنی دەنگی [ م].

**5-دەنگە لاییەکان:** ئەو دەنگانەن ،کە لە درکاندنیاندا تەزووی هەناسە بەلایەکی زار یان هەردوولای زاردا دەڕوات، واتە بەلایەکی زمان یان هەردوولای زمان ، وەك : [ ل ، ڵ ].

**6- دەنگە دووبارەکراوەکان (لەراوەکان):** ئەو دەنگانەن کەچەند جارێك بەخێرایی دووبارە دەبێتەوە ،بەهۆی لەرینەوەی درکێنەری چالاکەوە ، وەك [ ڕ ] ی قەڵەوی کوردی {ڕاو}، هەروەها [ ر ] ی عەرەبی {کرر}.

**7-دەنگی خلیسکاو:** دەنگێکی نیمچە (ڤاوڵ/کۆنسنانت) ە ،ئەم جۆرە دەنگە وەك ڤاوڵ دەردکێنرێ، بەڵام لەسیاقی دەنگیدا ڕۆڵی کۆنسنانت دەبینێ. وەك [و ، ی ]."(کمال محمد بشر،2000،ل212-214) و (تالیب حوسێن عەلی،2015، 43 - 45 ).

## سێیەم - هەڵوێستی تاڵە ژێیەکان (دەنگدار و بێ دەنگ و بێ لایەن) :

لەبارەی پۆلێنکردنی دەنگەکان بە گوێرەی هەڵوێستی تاڵە ژێیەکان زۆربەی زمانەوان و دەنگناسە کوردەکان بەهەڵە داچوون،چونکە بە گوێرەی لە ڕینەوە و نەلەرینەوەی تاڵە ژێیەکان دەنگەکانیان بۆ دەنگدار (گڕ) و بێ دەنگ (کپ) پۆلێنکردووە ،لە وانەش (غازی فاتح وەیس،1984،ل60) و (ئەورەحمانی حاجی مارف،1976،ل35-36) ،بەڵام (تالیب حوسێن) و (کەمال فوئاد) ئاماژەیان بە باری (بێ لایەنی) تاڵە ژێیەکان کردووە،بۆنمونە (تالیب حوسێن عەلی،2015،ل45-46) ئاماژەی بە "دەنگی چرپەیی ( المهموس-unvoiced ) کردووە،کە لە کاتی چرپەکردندا دەنگە گڕەکان چرپەیی دەبن و دەنگە کپەکان هەر بە چرپەیی دەمێنن،ئەم جۆرە درکاندنەش بە هۆی نزیکبوونەوەی تەواوی تاڵە ژێیەکان لە یەکتر ئەنجامدەدرێ ،بەمەرجێ نەڕێگەی هەوا داخرێ و نەخشان پەیدابێت." هەروەها (نەوزاد عەلی ئەحمەد،2013،ل19، 20) ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەپێی بەشداربوون و هەڵوێستی تاڵە دەنگییەکان (ژێیەکانی قورگ) لە دروستکردنی دەنگەکاندا،دەنگەکانی زمان دەبن بەسێ بەشەوە :

1- ئەو دەنگانەی لە کاتی دەربڕینیاندا تاڵە دەنگییەکان دەلەرینەوە (بە ئاوا ( voiced /، وەك دەنگی یەکەم لەم وشانەی خوارەوەدا: بار bar، دار dar ، جار dʒar ، گۆڕ gor .

2- ئەو دەنگانەی لە کاتی دەربڕینیاندا تاڵە دەنگییەکان نالەرینەوە (بێ ئاوا) voiceless /، وەك دەنگی یەکەم لەم وشانەی خوارەوەدا: پار par،تار tar ، چار tʃar،کۆڕ. kor

3- بێ لایەن (Neutral) ، وەك دەنگی یەکەم لەم وشەیەدا: قوڕ qur ، هەروەها هەمزە (ئـ) کە لە کوردیدا تەنیا لە سەرەتای وشەدا پێش ڤاوڵەکان بەدی دەکرێت. (نەوزاد عەلی ئەحمەد2013: 19-20).لێرەدا دەردەکەوێت هەمزە دەنگێکی بێ لایەنە، بە واتایەکی تر دەنگی هەمزە [ئـ] نە دەنگدار (گڕ) ە و نە بێ دەنگ (کپ) ، وەك هەندێ زمانەوان بە هەڵە بۆی چوون ، لە وانەش (مەسعود محمد 1982:ل 29) کە بە دەنگێکی ئاوازدار (گڕ) ی داناوە ، هەروەها (نەسرین فەخری1977-1978:ل14).بە دەنگێکی بێ دەنگ (کپ)ی داناوە.کەواتە جگە لە باری (دەنگداری و بێ دەنگی) تاڵە ژێیەکان بارێکی تریش وەردەگرن لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا،ئەویش بریتییە لە باری بێ لایەنی (Neutral) ، ئەم سێ بارەی تاڵە ژێیەکان دەوەستێتە سەر شێوەی تاڵە ژێیەکان،کە بریتین لە:

1- دەنگە بێ دەنگەکان (Voiceless) :ئەم دەنگانە کاتێ دروستدەبن، کە دەرچەی زمانە بچکۆلە لەحاڵەتی کرانەوەی تەواودا بێت و تاڵە ژێیەکان نەگەنە یەکتر و هیچ نەلەرینەوە،وەك: دەنگەکانی [پ،ت،چ،خ، س،ش،ك،ف،ح،هـ]
.

2-دەنگە دەنگدارەکان(Voiced) : ئەم دەنگانە کاتێ دروستدەبن، کە دەرچەی زمانە بچکۆلە لەحاڵەتی کرانەوە و داخراندا بێ ،بە واتایەکی تر تاڵە ژێیەکان بلەرینەوە ئەم لەرینەوەیەش ،بەهۆی هاتنەوەیەك و جیابوونەوەی تاڵە ژێیەکان بەشێوەیەکی خێرا و دووبارەکراو ئەنجام دەدرێ،وەك دەنگەکانی [ ب،د،ج،غ، ز،ژ،گ،ڤ، ل-ڵ ،ر-ڕ ، م،ن] .

3-دەنگە بێ لایەنەکان ( Neutral Sound ) : ئەم دەنگانە کاتێ دروستدەبن، کە دەرچەی زمانە بچکۆلە لەحاڵەتی نیمچە کرانەوەدا بێ و تاڵە ژێیەکان نەگەنە یەکتر ،وەك دەنگەکانی [ق،ئـ]، ئەم حاڵەتە لە دیالێکتە جیاوازەکانی ( موصلاوی و بەغدادی) ی زمانی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت،بۆنمونە: (3)

أقوللك (موصلاوی) ←أگوللك (بغدادی)، تەنانەت جێگۆڕکێی دەنگەکانی [ق،ئـ] لە شێوەزاری میصریدا هەستی پێدەکرێت،وەك : أقوللك ←أئوللك ،کە دەنگی [ئـ] شوێنی دەنگی [ق] دەگرێتەوە،تەنیا لە وشەی (قاهرە) نەبێت ،وەکو دەنگی [ق] گۆدەکرێت .

## 2-1پۆلێنكردنی دەنگەكان لە رووی زەبری كاریگەریی و سنوور و چەقی گۆرانی دەنگەكان

مەبەست لەپۆلێنكردنی دەنگەكانە لە رووی زەبری كاریگەرییان بەسەر یەكتر،كە گۆرانی سازگە و شێوە و باری تاڵە ژێیەكانی قورگی بەدوادا دێت ،هەروەها دەستنیشانكردنی سنوور و چەقی گۆرانی دەنگەكانە،كە گۆرانی قالبەكانی برگەی بەدوادا دێت،بۆ ئەم مەبەستەش دەنگەكان بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش دەكەین :

### 1-2-1 زەبری كاریگەریی دەنگەكان بەسەر یەكترییەوە

دەنگەكان لە ئاستی قوڵدا هەر یەكێكیان سیمای جیاكەرەوەی تایبەت بە خۆی هەیە ،كە جیایان دەكاتەوە لەگەڵ دەنگێكی تر ،كە هاوشێنە لە دروستبوونیاندا ،بەڵام لە ئاستی رووكەشدا ،كە دەكەونە پاڵ یەكتری بۆ پێكهێنانی برگە و وشە و فرەیز و ...هتد ،گۆرانكارییان بەسەردا دێت سیما سەرەكییەكانیان دەگۆرێ یان كاڵ دەبێتەوە . هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆكرد،هەرچەندە دەنگەكان بەسەر دوو جۆری سەرەكی (ڤاوڵ و كۆنسنانت) دابەش دەبن و هەر جۆرێكیان كۆمەڵێك سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە،بەڵام لە رووی زەبر و كاریگەرییەوە بریتین لە:

#### یەكەم- ڤاوڵەكان

ڤاوڵەكان هەموویان دەنگدارن و بێ دەنگ ناكرێن ، بە واتایەكی تر سیمای (بێ دەنگی) ی بەسەر ئەم دەنگانە روونادات،هەروەها دەنگە ڤاوڵەكان لە رووی كاریگەرییەوە ،كاریگەرییان بەسەر دەنگەكانی دەوروبەریان (پێش ، دواوە) ی خۆیان نابێت و كاریگەریشیان لەسەر روونادات، بەواتایەكی تر دەنگە كۆنسنانتەكان (دەنگدار و بێ دەنگ) و ئەوانەی ،كە تەنیا (دەنگدار) ن دەكەونە پاڵ دەنگە ڤاولەكانەوە بێ دروستبوونی هیچ كاریگەرییەك بەسەر یەكترەوە ،بۆنمونە:

(4)

ا- ماڵ ، نۆ ، رۆژ | ، گۆنا

maɫ no roʒ gona

ب- چل ، جل ، شوان ، سیان ، پار ، نەی

ʧ ɨl ʒɨl ʃwan syan par nəy

لە نمونەكانی (4-ب) دا دەبینین ، ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) لە نمونەی {چل ،جل} و نیمچە كۆنسنانتی [و،ی] لە نمونەكانی {شوان،سیان } و ڤاوڵی [ا،ە] لە نمونەی { پار ، نەی } روووپۆشیان بۆ دەنگەكانی پێش و دوای خۆیان دروستكردووە و ناهێڵن بگۆرێن .

#### دووەم – نیمچە ڤاوڵ (Semi Vowel)

ئەو دەنگانەن،كە بە نیمچە ڤاوڵ یان نیمچە كۆنسنانت ناو دەبرێن،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ،كە لە رووی دركاندن و رۆڵ بینینەوە جیاوازن ،بۆیە لە حاڵەتێكدا ڤاوڵن و لە حاڵەتێكی تردا كۆنسنانتن،بەتایبەتیش لە رووی دركاندن و سیاقی دەنگییەوە،چونكە ئەم جۆرە دەنگانە وەكو ڤاوڵ دەدركێنرێن،بەڵام لە سیاقی دەنگیدا رۆڵی كۆنسنانت دەبینن ."(تالیب حوسێن عەلی،2015،ل45). لەم بارەیەوە (ئەورەحمانی حاجی مارف،1976،ل32) دەڵێت : ئەم دەنگانە بریتین لە دەنگی [و،ی]ئەم دوو نیمچە ڤاوڵەی زمانی كوردی ،لە حاڵەتی وەستاوی (سكون) دا دەبنە ڤاوڵ ،وەك {چاو ، نەوت ،ئای ،دایك...هتد }،بەڵام كاتێك حەرەكە وەردەگرن دەبنە كۆنسنانت ،وەك { وەرە،رەوە،یاری،یاخی...هتد}."بەبۆچوونی ئێمە (ئەورەحمان) لەم بۆچوونەیدا ورد بۆ بابەتەكە نەچووە،بەتایبەتیش لە نمونەكانی { نەوت ، دایك } دا،بۆیە كاتێك ئەم دوو نمونەیە بەرێنوسی لاتینی دەنوسین،دەبینین بۆچوونەكە پێچەوانە دەبێتەوە،وەك: {dayɨk,nəwɨt}،چونكە لە دوای ئەم دوو دەنگەوە دەبینین ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) دەركەوتووە ،هەروەها لە پێش ئەم دوو دەنگەش دەنگی ڤاوڵ دەركەوتووە ،كەواتە ئەم دوو دەنگە لەم نمونانەدا دەبن بە كۆنسنانت نەك نیمچە (ڤاوڵ/ كۆنسنانت)،كەواتە هەرچەندە ئەم دوو دەنگە لە پێش و دوای دەنگە ڤاوڵەكاندا دەردەكەون،بەڵام دەنگە ڤاوڵەكان و نیمچە (ڤاوڵ/كۆنسنانت) مەكان، هەمیشە جوڵەدارن و حاڵەتی وەستاوی (سكون) یان نییە،یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی ئەم دوو دەنگە،بەهۆی ئەو رێنوسە ئارامییەوەیە ،كە لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتووە ،هەرچەندە ئەو رێنوسەمان باش كوردادنووە ،لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانیووە هەندێ كێشەی ئەلفوبێی زمانەكەمانی پێ چارەسەر بكەین،یەكێك لەو كێشانەش تێكەڵكردنی نیمچە ڤاوڵ [و،ی] و ڤاوڵی [و،ی] بۆ ئەو مەبەستەش وەكو دەركەوتن و دەرنەكەوتنی ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) پەنادەبەینە بەر رێنووسی لاتینی،لەبەر ئەوەی " ناسینەوەی ئەم دوو دەنگە بە پیتی لاتینی ئاسانە،چونكە بۆ هەر یەكەیان پیتێكی تایبەتی دانراوە < w,y >،بەڵام بە پیتی عەرەبی جیاكردنەوەی < و > و< ی > ی نیوە ڤاوڵ (نیمچە ڤاوڵ) لە < و > و< ی > ی ڤاوڵ <u,i> پێویستی بە نەختێك لێوردبوونەوە هەیە،بۆ ئاسانكردنی ئەم جیاكردنەوەیە،دەتوانین بڵێین: هەر < و > و< ی > ێك بكەونە سەرەتا یان كۆتایی برگەوە یان (لە پێش و دوای ڤاوڵ دەركەون) ،ئەوە نیمچە ڤاوڵن< w,y > ،بۆنمونە لە فرەیزی : یاری بێ ناوyari benaw هەردوو نیوە ڤاوڵ بە دی دەكرێن."(نەوزاد عەلی ئەحمەد،2013،ل31).هەر كاتێكیش دەنگی پێش و دوای ڤاوڵ ،دەنگێكی كۆنسنانت بوون،ئەوا ئەو دوو دەنگە دەبنە ڤاوڵ [ی-i ] و [ و-u ] ، بۆیە دەكرێت ئەم هەڵسوكەوتەی نیمچە (ڤاوڵ/كۆنسنانت) ،وەكو یاسایەك لە زمانەكەماندا جێگیر بكرێت ،بەواتایەكی تر نزیك كەوتنەوەی

ئەم دوو دەنگە لە دەنگی ڤاوڵ ،ئەوا دەبن بە دەنگی کۆنسنانت،بەم شێوەیە :

(و/ی) + ڤاوڵ + (و/ی) = و/ ی کۆنسنانت (نیمچە کۆنسنانت) بۆنمونە: (5) وار ، یار ، چاو ، نەی

بە پێچەوانەشەوە دوورکەوتنەوەی ئەم دوو دەنگە لە دەنگی ڤاوڵ،ئەوا دەبن بە دەنگی ڤاوڵ ،بەم شێوەیە :

(و/ی) + کۆنسنانت + و/ی = و/ ی ڤاوڵ (نیمچە ڤاوڵ )

بۆنمونە: (6) نوك ، شیر ، دین ، ژین

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد،تێبینی ئەوە دەکەین،کە نیمچە( ڤاوڵ/کۆنسنانت )ەکان [ و ، ی] هەمان ڕۆڵی ڤاوڵ دەبینن و هەمان هەڵسوکەوت دەکەن،چونکە نەکاریگەرییان لەسەر کۆنسنانتەکانی پێش و دوای خۆیان هەیە،نە کاریگەریشیان لەسەر ڕوودەدات،بۆنمونە: (7)

ا- چاو کاڵ ، بای دێ ب- یادگە ، واران

لە نمونەی (7-ا) { چاو کاڵ ، بای دێ } ،نیمچە ڤاوڵەکان [ و ، ی] لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدان و هیچ کاریگەرییەکیان نەکردۆتە سەر دەنگی [ ك ، د] لە سەرەتای بڕگەی دووەم، بەوەی بیان گۆڕن بۆ دەنگی [گ،ت] ،بەپێچەوانەشەوە نەکەوتۆتنە ژێر کاریگەرییەوە،بەهەمان شێوە لە سەرەتای بڕگەشدا لە نمونەی (7-ب) { یادگە ، واران } دا ،(نیمچە کۆنسنانتی [ و ، ی]،نە کاریگەرییان دروستکردووە ،نەکەوتۆتنە ژێر کاریگەریشەوە .

## سێیەم-کۆنسنانتەکان

کۆنسنانتەکان بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن :

ا- هەندێکیان (+ ، - دەنگدار) ی سیمای جیاکەرەوەیانە،کە لە جووت وشەدا دەبنە هۆی گۆڕانی واتا ، بەڵام لە ناو قالبی بڕگە و وشە و فرەیزدا سیماکانیان کاڵ دەبێتەوە یان دەکەون و نامێنن .

ب- هەندێکی تریان تەنیا سیمای دەنگدار (+) یان هەیە و بێ دەنگ (-) یان نییە .

کۆنسنانتەکانی (سێیەم- ا ) کە هەڵگری (+،- دەنگدار) ن ،بریتین لە دەنگە گیراو [ب پ، د ت ،گ ك] و دەنگە خشۆکەکان [ ڤ ف ، ز س ، ژ ش ، غ خ ] و هەروەها دەنگە تێکەڵاوەکان (ئەفریکاتەکان) [ج ،چ] ئەم دەستەیەیان دەنگدارەکانیان ،کە دەکەونە کۆتایی وشە و بڕگەوە (+) دەنگدارییان نامێنێ یان کاڵ دەبێتەوە و بەرەو (-) دەنگداری هەنگاو دەنێن ،نمونە بۆ گیراوەکان { مهاباد ←مهابات ، باب ←باپ ، سەگ ← سەك }،نمونە بۆ خشۆکەکان { گڤ ←گف ، ڕێناز ←ڕێناس ،پاژ ←پاش،باغ ← باخ } ،نمونە بۆ ئەفریکاتەکان { ساج ← ساچ ، باج ←باچ }،بەڵام بەو مەرجەی وشە و بڕگەی تریان بەدوادا نەیەت ،چونکە ئەگەر بڕگە و وشەی تریان بە دوادا بێت ،ئەوا گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت،بۆنمونە (8) {مهاباد عەلی ، سەگ باب ، باجگر ، قەد باریك ،بەد ڕەفتار...هتد}دا ،هەروەها ئەم دەستەیە کاریگەرییان بەسەر دەنگەکانی پێش خۆیان دەبێت ،ئەگەر دەنگداربوون ، ئەوە دەنگەکانی پێش خۆیان دەکەنە (دەنگدار) و ئەگەر (بێ دەنگ) یش بوون ئەوا دەنگەکانی پێش خۆیان دەکەنە (بێ دەنگ) . لە هەمان کاتدا ئەم دەستەیە دەکەونە ژێر کاریگەریی دەنگەکانی دواوەی خۆیان و دەکەونە ژێر کاریگەریی سیمای دەنگەکانەوە ،چونکە هەرکاتێك " کۆنسنانتە بێ دەنگەکان (کپەکان) ،کە دەکەونە پێش کۆنسنانتە دەنگدارەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و وەکو ئەوان دەنگدار دەبن ." (عادل ڕەشید قادر،2016،ل 93) ،بۆنمونە : (9)

ا- بەش + دار ← بەژدار ب- دەست + گا← دەس + گا ← دەزگا پ- سەرت +داگرە ← سەرد داگرە

لەم نمونانەدا دەبینین چۆن دەنگی دەنگدار کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگە بێ دەنگەکان و وەکو خۆیان دەنگداریان کردوون، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە واتە کاتێك کۆنسنانتە دەنگدارەکان دەکەونە پێش کۆنسنانتە بێ دەنگەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و وەکو ئەوان بێ دەنگ دەبن،بۆنمونە[2] : (10)

ا- چی بخۆم ← چیپ خۆم

ب- چی بکەم ← چیپ کەم

دیاردەی گۆڕانی دەنگی دەنگدار بۆ بێ دەنگ یان بە پێچەوانەوە چ بە گوێرەی یاسا بێت یان بۆ کاریگەریی ژینگەی دەنگی بگەڕێتەوە،تەنیا بە دوو قۆناغدا ناڕوات،بەڵکو قۆناغێکی ماماوەندیش لە نێوان ئەم دیاردە دەنگییە هەیە،لەوانەیە بۆ کاریگەریی سیفەتی (دەنگدار یان بێ دەنگ) دەنگەکە بگەڕێتەوە،چونکە ئەگەر بەهۆی ئامێری تایبەتمەند گوێ لە دەنگەکان بگرین ،هەست دەکەین ئەو دەنگانەی لە ڕووی هەڵوێستی تاڵە ژێیەکانەوە گۆڕانیان بەسەردادێت ،بە یەکجاری سیفەتی دەنگداری یان بێ دەنگی لە دەست نادەن،بەڵکو دەچنە قۆناغێکی ماماوەندییەوە پاشان گۆڕانی تەواویان بەسەردا دێت،لەم بارەیەوە (عادل ڕەشید قادر،2016،ل97) دەڵێت : " ئەو دەنگانەی کە بەیاسای (گڕی و کپی) یەوە گۆڕانی بەسەردا دێ بە سێ قۆناغ دەڕوات:

1- + کپ ← کپ - کپ

[2] شایەنی ئاماژە بۆکردنە ، لە دوای دەنگی [ب] ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) هەیە، کە ڕووپۆش بۆ دەنگی پێش خۆی دروست دەکات ،هەروەها دەرکەوتنی [ب] و [پ] لەم جێکەوتەیەدا بۆ خواستی قسەکەر دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەم کاریگەرییەی دەنگە کۆنسنانتە دەنگدار و بێدەنگەکان و گۆڕانیان بەیەکتر، دەکرێت وەکو یاسایەك لە زمانی کوردیدا جێگیر بکرێت، هەروەها ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزاری سلێمانیدا بەرگوێ دەکەوێ ، وەك : زك (شێوەزاری هەولێر) ، سك (شێوەزاری سلێمانی) هەر دووکیشیان ڕاستە و بێکێشەن، چونکە دوای دەنگەکانی [ز] و [س] ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) هەیە،هەروەها ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری (خەیلانی) یشدا هەستی پێدەکرێت ،وەك : بەخۆی هات . ← پەخۆی هات.

-2 - گڕ ← + گڕ

-3 -/+ فۆنیم

واته فۆنیمه تازەکه نه کپە کۆنەکەیه، نه گڕە نوێیەکەیه،بەڵام گڕێکە – فۆنیمی یەکەم + فۆنیمی دووەم ، بەڵام هیچیان نییه." ئەم دیاردەیەش دەکرێت وەکو یاسایەك لە زمانی کوردیدا پەیڕەوبکرێت،بۆ هەر دوو باری گۆڕانی دەنگ (دەنگدار بۆ بێ دەنگ) یان بە پێچەوانەوە:

یاسای یەکەم:




بەگوێرەی ئەم یاسایە [ - د] نە دەنگی [د] ە ،نە دەنگی [ت]ە،بۆیە لە قۆناغی سێیەمدا دەنگەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و دەبێتە {نەد برد}.

یاسای دووەم




بە گوێرەی ئەم یاسایەش [ -ج] نە دەنگی [ج] ە ،نە دەنگی [چ]ە،بۆیە لە قۆناغی سێیەمدا دەنگەکە بە تەواوی دەگۆڕێت و دەبێتە { باچتان داوه } . بڕوانە (Muhammad Maruf Fattah,2014,p.23)هەروەها ئەم دیاردەیە لە کردەی گۆڕانی قالبەکانی برگەشدا هەستی پێدەکرێت ،بۆنمونە : (13)

مهاباد ← مهاباد - مهاباد (م / ها / باد – م / ها /بات ) سێ برگەیە ← (م / ها/ با/ دی- م/ ها/ با/ تی) قۆناغی مامناوەندی چوار برگەیە،کەواتە لە کردەی گۆڕانی دەنگێك لە دەنگدار (گڕ) یەوە بۆ بێ دەنگ (کپ) یان بەپێچەوانەوە پێویستی بەسێ قۆناغ هەیە،نەك دوو قۆناغ ،کە لە ڕووکەشدا وا دەبینرێت.

کۆنسنانتەکانی (سێیەم- ب) بریتین لە دەنگە (لەراوەکان ،لاییەکان ،لووتییەکان و هەروەها نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسنانت) ەکان،ئەم دەستەیە (سیانی یەکەم) هەندێ جار کاریگەریی دروست دەکەن ،بەڵام ناکەونە ژێر کاریگەرییەوە ،بەڵام (چوارەم) هەمان خەسڵەتی ڤاوڵەکانی هەیە، ناکەونە ژێر کاریگەریی دەنگی ترەوە و سیما بنەڕەتییەکانی خۆیان لە دەست نادەن ،بەڵام هەندێ جار کاریگەریی دروست دەکەن ، بۆنمونە : (14)

ا-پێش مەرگە ←پێژمەرگە ب-پشمین ← پژمین

پ-باشماخ← باشماخ ،چۆخماخ← چۆخماخ ،دەسماڵ ←دەسماڵ ،چەك مەجە ←چەك مەجە، ساچمە ←ساچمە

ت- بەخت ڕەش← بەخد ڕەش ج-چەكدار ←چەگدار

لە نمونەی (14-ا) و (14-ب) دا لەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەکەین ،دەنگی لووتی [م] کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگەکەی پێش خۆی [ش]بۆ دەنگی [ژ]گۆڕیویەتی ،بەڵام حاڵەتی ناوێزەش بەرچاو دەکەوێت ،بۆنمونە (14-پ) { باشماخ ← باشماخ ، چۆخماخ ← چۆخماخ ،دەسماڵ← دەسماڵ ،چەکمەجە ←چەکمەجە، ساچمە←ساچمە ...هتد}. لەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەکەین ،دەنگی لووتی [م]هیچ کاریگەرییەکی نەکردۆتە سەر دەنگەکانی پێش خۆی [ش،خ،س،ك،چ ] ،بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە دەنگانە هێزەکانیان جێگیر نییە و لە هەموو شوێنێك وەکو یەك نییە،هەروەها لە نمونەی (14-ت) دەنگی دەنگداری [ڕ] کاریگەریی لەسەر دەنگی بێ دەنگی [ت] دروستکردووە و بۆ دەنگی دەنگداری [د] گۆڕیویەتی ،واتە وەکو خۆی گڕیکردووە،هەروەها لە نمونەی (14-ج) دا ،دەنگی دەنگداری [د] کاریگەریی لەسەر دەنگی بێ دەنگی [ك] دروستکردووە و بۆ دەنگی دەنگداری [گ] گۆڕیویەتی ،واتە وەکو خۆی گڕیکردووە،یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی دەنگە کۆنسنانتە وەستاوەکان لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوەیە،لە ئەنجامی پێکداچوون لەگەڵ ڤاوڵەکان، کاریگەریی لەسەر دەنگە ڤاوڵەکەی پێشیانەوە دروست دەکەن ،واتە ئەگەر دەنگی ڤاوڵ بکەوێتە پێش کۆنسنانتی وەستاوی گڕەوە ئەوا درێژ دەکرێتەوە،بەڵام ئەگەر دەنگی ڤاوڵ بکەوێتە پێش کۆنسنانتی وەستاوی کپەوە ئەوا کورت دەکرێتەوە،" ڤاوڵ بە تەبیعەتی حاڵ درێژ دەکرێتەوە ،کاتێ دەکەوێتە پێش کۆنسنانتێکی گڕەوە ،بەپێچەوانەی ئەو ڤاوڵانەوە کاتێ دەکەونە پێش کۆنسنانتی کپەوە ،لەوەیە ئەو درێژبوونەی ڤاوڵ ،هۆی گڕبوونی کۆنسنانتەکە بێ." (فرانك پارکەر،1983،ل38). بۆنمونە: (15)

new →u: , war →o: , law → o: → u: June ,

هەرچەندە کاریگەریی دەنگداری (گڕی) و بێ دەنگی (کپی) لەسەر ڤاوڵ لە زمانی ئینگلیزیدا لە نێوان قسەکردنی ئاسایی و بەپچڕیدا جیاوازە ،لەگەڵ ئەوەشدا سەلیقە و زانیاریی زمانی قسەکەر ڕۆڵێکی گرنگ لە درێژکردنەوەی ڤاوڵی پێش کۆنسنانتی گڕ دەبینێت ، چونکە " ئەم درێژکردنەوەیە بەشێکە لەو زانیارییەی ،کە قسەکەرەکە دەربارەی زمانەکە هەیەتی و بە تەواوەتی ئاگای لێیە، بەم جۆرە ئەگەر قسەکەرەکە هەستی بە درێژی ڤاوڵەکەی پێش کۆنسنانتەکە کرد،ئەوا لە دوایدا ئەتوانێ هەست بەوە بکات ،کە ئەو کۆنسنانتەی ،کە لە دوای

ڤاوڵەکە دێت دەبێتە کۆنسنانتێکی گڕ،وە بەپێچەوانەوە هەست بەوە بکات ،کە کۆنسنانتەکە دەبێتە کۆنسنانتێکی کپ." (سەرچاوەی پێشوو،ل39). ئەم دیاردە دەنگییە لە زمانی کوردیدا لە هەندێ باردا هەستی پێدەکرێت ،بەتایبەتیش لە کاتی دارشتنی ڕەگی کاتی داهاتوو لە رابردوو لە ڕێزمانی کلاسیکیدا،بێ ئەوەی هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە دەنگییە بخرێتەڕوو،دەبینین دەنگە کۆنسنانتە وەستاوە گرەکان کاریگەریی دەکەنە سەر دەنگە ڤاوڵە کورتەکانی پێش خۆیان و درێژیان دەکەنەوە ،لەم بارەیەوە (وریا عومەر ئەمین،2009،ل135) دەڵێت: " گەر ڕەگی رابردوو بە {ست}یا {شت}کۆتایی هاتبێ بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتووی [س]دەکرێ بە [ز]، [ش]دەکرێ بە [ژ]و ئەو ڤاوڵەی لە پێشیان دەردەکەوێ (لە هەندێ حاڵەتدا) دەبێ بە [ێ].بۆنمونە: (16)

| چاوگ | ڕەگی ڕابردوو | ڕەگی داهاتوو |
|---|---|---|
| ا- ناشتن | ناشت | نێژ |
| ب- ڕشتن | ڕشت | ڕێژ |
| پ-گواستن | گواست | گوێز |
| ت- ناردن | نارد | نێر |
| ج- خواستن | خواست | خواز |

هەروەها دەتوانین لە بارەی دیاردەی درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی ڤاوڵ لە زمانەکەماندا ،نمونەی تر بخەینە ڕوو ،لەوانەش : (17)

ا-پیر ،شیر ، تاڵ ،ماڵ ، دۆڵ ،مۆن ،پووك ، تووك ، نووك ، ژوور ...هتد (درێژکردنەوەی ڤاوڵ)

ب-تیپ،پەرپوت،پاك،چاك...هتد

(کورتکردنەوەی ڤاوڵ) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، زۆربەی کات لە زمانی کوردیدا،کە دەنگێکی دەنگدار دەکەوێتە پێش یان دوای دەنگێکی ڤاوڵەوە ،دەبینین دەنگە ڤاوڵەکە درێژدەکرێتەوە.

## 1-2-2 سنوور و چەقی گۆڕانی دەنگەکان

سازگەی دەنگە کۆنسانتەکان بە گوێرەی شوێنەکانیان بەسەر چەند گرووپێك دابەشکراون ،ئەم شوێنانە کاریگەرییان بەسەر گۆڕانی دەنگەکان دەبێت ،بێ ئەوەی کاریگەرییان بەسەر واتاوە هەبێت.بەشێوەیەکی گشتی ڤاوڵەکان لە کاتی درکاندنیان لە ناو بۆشایی دەم و قورگ،هیچ بەربەستێکیان لەبەردەمدا دروست نابێت، هەر ئەم هۆکارەشە ،کە وا دەکات لەگەڵ دەنگە کۆنسنانتەکان و نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسنانت) مکان ،بڕژێنە ناو یەکتر و درز دروست نەکەن ،بۆنمونە: (18)

با ، چا ، شێ ، پیاو ، چیا ، چوار

سەرەتای بڕگە دەبێت کۆنسنانت بێت مەرجێکی بە خورتییە،هەروەها کۆنسنانتی دووەم لە سەرەتای بڕگەدا زیاتر نیمچە ڤاوڵ بوونی هەیە،بۆنمونە: (19) { شوان ،جوان ،خوان،پیاو،پیاز ، دیار } لە نێوان دوو کۆنسنانتی یەکەم و دووەم لە سەرەتای بڕگەدا، زۆرجار ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) دەردەکەوێت : (20)

| چرا | ، | برا | ، | بنار | ، | شل |
|---|---|---|---|---|---|---|
| tʃɨra | | bɨra | | bɨnar | | ʃɨl |

شایەنی ئاماژەبۆکردنە،کۆتایی بڕگە جیاوازە لەگەڵ سەرەتای بڕگە لە ڕووی هەڵکردن و بەیەکەوە هاتنی دەنگەکان، بۆنمونە: (21) {دەست ، مەست ، دەشت ، گەشت ، چەند ، کەند ،مەند ، مەرج ، خەرج ، پەرچ ،سەرنج ،برنج ،کرد،برد ،هەنگ ، شەنگ ...هتد} ،لەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەکەین ،لە کۆتایی بڕگەدا بەزۆری چەند دەنگێك پێکەوە دەگونجێن،بۆیە بەزۆری پێکەوە دەردەکەون،لەوانەش: دەنگی [س]و[ت]، دەنگی [ش]و[ت]، دەنگی [ن]و[د]، دەنگی [ر]و[ج]، دەنگی [ر]و[چ]، دەنگی [ن]و[ج]، دەنگی [ر]و[د]...هتد ،ئەوەی جێگەی سەرنجە دەرکەوتنی ئەم دەنگانە بەیەکەوە لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا لە ڕووی دروستبوونی درزەوە جیاوازن بە گوێرەی دووری و نزیکی سازگەکانیان ،هەروەها کاریگەریش دەکەنە سەر ژمارەی ڤالبەکانی بڕگە ،بۆیە لە شیکردنەوەی ئەم نمونانەی سەرەوەدا، تێبینی ئەوە دەکەین دەنگی دووەم زیاتر دەنگی گیراون یان هەندێ جاریش دەنگی ئەفریکاتن،بەڵام بەیەکەوە هاتنی ئەم دەنگانە لە سەرەتای بڕگەوە جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن ،کەچی لە کۆتایی بڕگەدا هەمان ئەو دوو دەنگە کۆنسنانتانە ،کە بەیەکەوە دێن درز دروست نابێ و ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) دەرناکەوێت ،ئەمەش بەهۆی ئەوەی سازگەکانیان یەکە یان زۆر لەیەکەوە نزیکە ،مەبەستمان دەنگی [س]و[ت]، دەنگی [ش]و[ت]، دەنگی [ن]و[ج]، دەنگی [ن]و[چ] ...هتد ،بەڵام کاتێك سازگەکانیان دوور دەکەوێتەوە لە یەکتر درز دروست دەبێت و ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ش دەردەکەوێت ،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی بڕگەکان گۆڕانکارییان بەسەر دا بێت ،بۆنمونە: (22) {پەلك ، سەلك ، دەسك ، تەسك ، مشك ...هتد} .بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دەنگەکان لە ڕووی کاریگەرییەوە ،چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو ،بۆنمونە : (23)

| چەرخ | ، | بەرخ |
|---|---|---|
| tʃərɨx | | bərɨx |

لەبەر ئەوەی دەنگی [خ] دەنگێکی خشۆکە و کونی هەیە،بۆیە ڕێگەی بۆ هاتنەئارای ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) خۆشکردووە،بەڵام لە نمونەکانی (24)

| ا-پەرچ | مەرج | ب- شەنگ | هەنگ | پ- دەست | دەشت |
|---|---|---|---|---|---|
| pərtʃ | mərdʒ | ʃəng | həng | dəst | dəʃt |

دەبینین جیاواز ڕەفتار دەکەن ،لە ڕووی ڕێگەدان بۆ دروستبوونی ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ،بۆیە لە نمونەی (24-ا) {پەرچ } و {مەرج} دا ،کە دەنگی [چ ،ج ] دوو دەنگی ئەفریکاتن ،هەروەها لە نمونەی (24-ب) {شەنگ } و {هەنگ} دا لە گەڵ نمونەی (24-پ) {دەست } و {دەشت} دا،کە دەنگی [گ ،ت ] دوو دەنگی گیراون ،دەبینین ڕێگەی هاتنە ئارای ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) نادەن،ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ،کە ئەم دەنگانە سازگەکانیان یەکە یان زۆر لەیەك نزیکە. سەبارەت بە شوێن و چەقی گۆڕانی دەنگەکان یان بە واتایەکی تر کاریگەریی دەنگەکان بەسەر یەکترییەوە ،لە کۆتایی برگەی یەکەم و سەرەتای برگەی دووەمەوە دەبێت ، بەو مەرجەی ئەو دەنگەی لە کۆتایی برگەی یەکەمدا دەردەکەوێت، دەبێت دەنگەکەی لە حاڵەتی وەستاو (سکون) بێت،بۆنمونە: (25)

ا- دەست گیران ← دەس گیران ← دەزگیران

ب- دەستگا ← دەزگا پ- دەست + هار ← دەستاڕ ← دەساڕ

ت- ماست + ئاو ← ماستاو

ج- ریش گەورە ← ریژ گەورە

چ- ریش درێژ ← ریژ درێژ

ح- ریش پان ← ریش پان

لە نمونەی (25-ا) {دەستگیران}دا ،تێبینی ئەوە دەکەین دوو دیارەدەی گۆڕانی دەنگی ڕوویانداوە،بەجۆرێك لە سەرەتادا دەنگی [ت]کەوتووە ،دواتر دەنگی [س]بۆ دەنگی [ز]گۆڕاوە،بەکاریگەریی دەنگی دەنگداری [گ]،نمونەی (25-ب) یش بەهەمان شێوەیە،بەڵام لە نمونەی (25-پ) {دەستاڕ}دا ،کە لە ناوی {دەست} و ڕەگی چاوگی {هارین} دروستبووە،دوای کەوتنی دەنگی [ە]،کە لەگەڵ دەنگی [ت]دا هەردووکیان دوو دەنگی بێ دەنگ(Voicless) ن،هەروەها لەبەر ئەوەی دەنگی [س]و[ت]دوو دەنگی بێ دەنگن،هەروەها کەوتنی دەنگی[ە] و ڤاوڵ کاریگەریی لەسەر [ت] نییە،بۆیە دەبینین گۆڕانی دەنگیی لە نێوانیان ڕوونادات،هەرچەندە لە هەندێ ناوچەدا لە ئەنجامی خێرای قسەکردن و ئابووریکردن لە درکاندندا ، دەنگی [ت]یش دەکەوێت، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد یەکێك لە مەرجەکانی ڕۆنانی برگە ئەوەیە ،کە نابێت سەرەتای برگەی دووەم بە دەنگی ڤاوڵ دەست پێبکات ،بۆیە لە نوسیندا کەوتنی دەنگی [ت]ئاسان نییە،بەم شێوەیە {دەس/ تاڕ}. شایەنی ئاماژە بۆکردنە،لە پاش کەوتنی [ە]،دەبینین دەنگی [ت]ی کۆتایی {دەست }CVCC دەپەڕێتەوە بۆ سەرەتای برگەی دووەم / تاڕ/ CVC ،هەروەها لە نمونەی (25-ت) {ماستاو}دا بەهەمان شێوەیە ،کە لە پاش کەوتنی [ئـ]،دەبینین دەنگی [ت]ی کۆتایی {ماست CVCC {دەپەڕێتەوە بۆ سەرەتای برگەی دووەم / تاو/ CVC ،بەڵام لەنمونەی (25-ج ) {ریش گەورە} و (25-چ) {ریش درێژ} دا ،دەنگی دەنگداری [گ]و[د]کاریگەرییان کردۆتەسەر دەنگی وەستاو(ساکین) ی[ش]و گۆڕیوەتیان بۆ دەنگی [ژ]،بەڵام لە نمونەی (25-ح) {ریش پان}دا،چونکە هەردوو دەنگی [ش]و[پ] دوو دەنگی وەستاو(ساکین) ن ،دەبینین کاریگەرییان نەکردۆتە سەر یەکتر . هەروەها لەم بارەیەوە تێبینی ئەوە دەکەین (حرکات) لە زمانی عەرەبیدا (الفتحە ، الضمە ، الکسر) لە زمانی کوردیدا حیسابی ڤاوڵیان بۆ دەکرێت،بەجۆرێك (الفتحە) بەرانبەر بە [- ە]ەو ،( الضمە) بەرانبەر بە [و]ەو ، (الکسر) بەرانبەر بە [ی]ە ، ئەم دیاردەیە لە سوان و کەوتنی ئەو دەنگە کۆنسنانتانەدا دەوردەبینێت ،کە لێکچوون یان نزیکی یەکترن ،ئەگەر بکەونە دوای یەکتر ،ئەوا یەکێکیان لە ناو دەچێت ،کە مەبەستی سەرەکیش ئاسانی درکاندن و ئابووریکردنە،بۆنمونە: (26)

ا- ڕۆژ + ژمێر ←ڕۆژمێر ب- ڕێك + کەوتن ←ڕێکەوتن

،بەڵام لە هەندێ وشدا ئەو ژینگەیە لەبار نییە یان کۆت (قیود) ی واتای دەبێتە ڕێگر لە جێبەجێ بوونی ئەم یاسایە،بۆنمونە: (27)

ا- پێك +کەوتن

1-پێککەوتن

2-پێکەوتن

لە یەکەمدا هەردوو کەرسەکە بەر یەکتر دەکەون لە دووەمدا کەرسەیەك بەر ئەوی تر دەکەوێت ،لە وانەشە پێککەوتنەکە تەنیا یەك لایەك بگرێتەوە."(عادل ڕەشید قادر،2016،ل92، 93). بۆیە لە نمونەی (28)

ب-چاککردن

-1 چا + کردن

-2 چاك +کردن

(لە هەردوو [ك] مکە، تەنیا یەکیان (تلفظ) دەکرێت ،بەڵام ئەگەر (فتحە) (ە) زیاد بکەین هەردوو [ك]مکە گۆ (تلفظ) دەکرێت ،ئەوەش بۆ ئەو ڕووپۆش (Cover) دەگەڕێتەوە ،کە دەنگی ڤاوڵی [ە]دروستی دەکات و ناهێڵێت دەنگی [ك]ی یەکەم بکەوێت،بۆنمونە: (29) پ- چاکە کردن

هەروەها لە نمونەی (29) ت-سەگ گراو ←سەگراو ←سەگە گراو

هەمان دیاردە بەدیدەکرێت. لە زمانی عەرەبیشدا نمونەی هاو شێوە بەرچاو دەکەوێت ،بۆنمونە : (30)

ا- أَقُلْ لَكُم ب- ظَلَلْتُ

هەرچەندە دیاریکردنی سنووری برگە کارێکی وا ئاسان نییە ،چونکە زۆرجار سنووری برگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت ،جاری واش هەیە لە وتەیەکەوە بۆ

وتەیەکی تر ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت،بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین،کە دیاریکردنی سنووری بڕگە لە هەر زمانێکدا پەیوەندی بە ڕۆنانی ژێرەوەی زمانەکەوە هەیە، بۆنمونە(31)

ا- کوردستان ← کور / CVC د+بزرۆکە+س / CVC تانCVC

ئەمە جۆرێکیان،جۆرێکی تریان

ب- کوردستان ← کورد CVCC / ستان CCVC

ئەوە ئەگەر بیسەلمێنین ،کە لە بڕگەی دووەمدا لە نێوان [س] و [ت ]دا، ڤاوێلی سارد (بزرۆکە) هەبێت ،بەهەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیشدا ، بۆنمونە: (٣٢)

A-Spring CCCVCC

B-Sɨp / ring CVC / CVCC

تەنانەت " لە زمانی ئینگلیزیدا دەشێت چوار کۆنسنانت لە دوای یەکتر بێن،وەك لە وشەی{ cvcccc Sæŋkʲn / sancton} " (عەلی حەمەد عوسمان،2021،ل88). کاریگەریی دەنگەکان بەسەر یەکترییەوە چەقەکەی کەوتوتە نێوان کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەم ،بەم شێوەیە : (33)

ا-کورد□کورت + ستان = * کورتستان

لەبەر ئەوەی دەنگی [س] ی سەرەتای بڕگەی دووەم دەنگێکی خشۆکە و هێزەکەی کاریگەر نییە،بۆیە دەنگی [د] ناکات بە [ت]ی گیراوی کپ ،بە هەمان شێوە لە وشەیەکی تری ،وەك :

ب- سەرچنار Sər ʧ ɨ nar

سەر / CVC چ / CV نار ← CVC سەر / چ +بزرۆکە / نار

جۆرێکی تر لە دابەشکردنەکە

سەرچ / CVCC نار ← CVC سەرچ / نار

دەبینین لە نمونەی (33-ب) دا ، دەنگی [ن] کاریگەریی لەسەر دەنگی [چ] دروست نەکردووە و نەیکردووە بە [ج] ،بۆیە هیچ گۆڕانکارییەك ڕوونادات،لەبەر ئەوەی [ن] هەرچەندە دەنگێکی لووتی دەنگدارە ،بەڵام کاریگەریی دروست ناکات بە بەراورد بە دەنگە گیراوەکان،چونکە هێزی ئەم جۆرەیان لە هەموو شوێنێك وەکو یەك جێگیر نییە ،هەروەکو لە نمونەی (14-پ) دا ڕوونمانکردەوە ،لە ژێر ڕۆشنایی زەبری کاریگەریی دەنگەکان بەسەر یەکترییەوە ،"واتە لە نزمەوە بۆ بەرز،بە هەشت پلەی جیاوازی پریی دەنگ یان پریی زرینگە لەیەك جیادەکرێنەوە،یەك لە دوای یەك بەم شێوەیە ڕیز دەبن،دەنگە بێ دەنگە گیراوەکان،دەنگە بێ دەنگە خشۆکەکان،دەنگە دەنگدارە گیراوەکان ،دەنگە دەنگدارە خشۆکەکان،دواتر دەنگە لووتییەکان،لاییەکان،لەراوەکان،پاشان دەنگە ڤاوڵەکان و نیمچە (ڤاوڵ / کۆنسنانت) مکان دێن." (کمال محمد بشر،2000،ل218)،دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی دەنگە کۆنسنانت و ڤاوڵەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە جیاوازن،بەجۆرێك دەتوانین بۆ سێ گروپ پۆلێنیان بکەین،لەوانەش :

گروپی یەکەم : دەنگە کۆنسنانتە (گیراو [ب – پ،د-ت ،گ-ك،ق،ئـ] و ئەفریکات [ج -چ] و خشۆکەکان [س-ز،ش- ژ،ف-ڤ ، خ –غ ، ح-ع، هـ) دەگرێتەوە،کە لە ڕووی هەڵوێستی تاڵە ژێییەکانەوە (دەنگدار و بێ دەنگ و بێ لایەن) ن و زەبریان جێگیر و بەهێزە واتە هاوسەنگن ،بەڵام هەریەك لەو دەنگانە لە ڕووی کاریگەرییانەوە جیاوازن،بەجۆرێك لەم گروپەدا کاریگەریی دەنگە گیراوەکان زیاترە ،چونکەپەیوەستە بەو هەوایەی لە ناو دەمدا پەنگ دەخواتەوە،بۆنمونە : (34)

ا- چی بکەم← چی پکەم ب- سەد پەڕ← سەت پەڕ

پ- چەپ گەر←چەبگەر

ت- سەرت داگرە← سەرد داگرە

ج- {ئێسك} هێسك گران← هێسگ گران

لە کاتێکدا کاریگەریی دەنگە خشۆکەکان لە چاو دەنگە گیراوەکان کەمترە ،چونکە ڕێژەوی دەرچوونیان کونی تێدایە،بۆنمونە: (35)

ا- دەستگیران← دەسگیران← دەزگیران

ب- ریش درێژ← ڕێژ درێژ

،بەڵام دەنگە ئەفریکاتەکان لە ڕووی کاریگەرییەوە مامناوەندن،کە لە نێوان دەنگە گیراو و خشۆکەکاندان ،چونکە تێکەڵەیەکن لە دەنگە گیراو و خشۆکەکان ،بۆنمونە : (36)

ا- خونچە← خونجە ب- باغچە ←باخچە

گروپی دووەم : دەنگە کۆنسنانتە (لاییەکان [ل-ڵ] و لەراوەکان [ر-ڕ ] و لووتییەکان [م-ن]) دەگرێتەوە ،کە لە ڕووی هەڵوێستی تاڵە ژێییەکانەوە تەنیا (دەنگدار) ن، بەڵام بەهۆی بوونی کون لە ڕێڕەوی دەرچوونیان زەبریان لاوازە ،واتە هاوسەنگ نین ،بۆنمونە: (37)

ا- پێشمەرگە← پێژمەرگە ب- جوان مێرد← جوامێر

شایەنی ئاماژە بۆکردنە ، لە نمونەی (32-ب) {جوامێر}دا ، دوو پرۆسەی بەسەردا هاتووە، یەکەمیان ئەوەیە ،کە دوو دەنگی لووتی[ن] و [م] کەوتوونەتە دوای یەکترییەوە ،بەڵام بەهۆی ئەوەی دەنگی [م] بەهێزترە لە چاو دەنگی[ن] ،بۆیە [م] نەکەوتووە،لە پرۆسەی دووەمدا دەنگی [د]ی کۆتایی لە وشەی {مێرد} کەوتووە ، ئەم دیاردەیەش لە کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروودا بەرچاو دەکەوێت ،بەڵام لە چەند نمونەیەکی تردا ئەو کاریگەرییە نابینین ، وەك : (38)

ا- باشماخ← باشماخ ب- دەستماڵ← دەسماڵ پ- پەشمینە← پەشمینە ت- سنجار← سنجار

گروپی سێیەم : دەنگە ڤاوڵ و نیمچە (ڤاوڵ/کۆنسنانت) مکان دەگرێتەوە،لە زمانی کوردیدا ئەم گروپە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر دەنگە کۆنسنانتەکانی پێش و دوای خۆیان

نییە،بەواتایەکی تر هەموو کۆنسنانتەکان (دەنگدار و بێ دەنگ) دەکەونە پێش و دوای ڤاوڵەکان و نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسنانت ) ەکان ،بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکییان بەسەردا بێت ،لەوانەیە هۆکاری ئەوە بێ کاریگەرییەی ڤاوڵەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ،کە هەموو ڤاوڵەکان سازگەی سەرەکییان زمانە ،هەرچەندە "شێوەی لێو و ئەندازەی کرانەوەی دەم ڕۆڵی یاریدەدەر لە درکاندنی دەنگە ڤاوڵەکاندا دەبینن."(ئەورەحمانی حاجی مارف،1976،ل31).لە ڕووی هەڵوێستی تاڵە ژێیەکانیشەوە هەموویان دەنگدارن،هەروەها شێوەی جیاوازیان نییە وەکو کۆنسنانتەکان ،ئەم سیفەتە هەموو ڤاوڵەکان (کورت و درێژ) دەگریتەوە و تەنانەت ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) و نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسنانت(Semi Vowel) کانیش،بەشێوەیەکی گشتی دەنگە ڤاوڵەکان،بەهۆی بێ کاریگەرییانەوە ڕووپۆش بۆ دەنگە کۆنسنانتەکانی پێش و دوای خۆیان دروستدەکەن و ناهێڵن بگۆڕێن،بۆنمونە: (39)

ا- پا ، با ، لە ، بە ، تۆ ، توو ، نوێ ، ژین ، شین ، شێر ، تێر

ب- برا ، چرا

پ- ژوان ، پیاو ، وانە ، ڤیان ، دیار

دەبینین هەموو ڤاوڵەکان و تەنانەت ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ش کە لەم ڕێنوسەدا وێنەی نییە و نیمچە ڤاوڵەکان [و،ی] هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆنسنانتەکانی پێش و دوای خۆیانەوە نییە لە ڕووی گۆڕینی سازگە و شێوە و هەڵوێستی تاڵە ژێیەکانەوە ،بە واتایەکی تر لە وشەکانی (39-ا) {پا ، با ، لە ، بە ، تۆ ، توو ، نوێ ، ژین ، شین ، شێر ، تێر } دا ،کە وشەی یەك برگەین ،ڤاوڵەکان ناتوانن کۆنسنانتەکانی پێش و دوای خۆیان بگۆڕن هەر گۆڕانێکی کۆنسنانتەکانیش گۆڕانی واتای بەدوادا دێت،لە وشەکانی (39-ب) { برا ، چرا } شدا ،کاتێك بە لاتینی دەیان نوسین ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) دەردەکەوێت{bɨra , ʧɨra} و هیچ کاریگەرییەکیشی بۆ سەر دەنگە کۆنسنانتەکەی پێش و دوای خۆیەوە نییە ،هەروەها لە وشەکانی (39-پ) { ژوان ، پیاو ، وانە ، ڤیان ، دیار } یشدا ،کە وشەی دوو برگەین لە ژێر کاریگەری زەبری دەنگی کۆنسنانتی دواتردا، دەنگەکانی [ و ، ی ] نیمچە ڤاوڵن و هیچ کاریگەرییەکیان نییە و ناتوانن دەنگەکانی پێش و دوای خۆیان بگۆڕن،کەواتە دەکرێت بڵێین:دەنگە ڤاوڵەکان و نیمچە ڤاوڵەکان دەنگە کۆنسنانتەکان پەردەپۆشدەکەن و ناهێڵن بگۆڕێن ،بۆیە دەکرێ ئەم سیفەتەی ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵ وەك یاسایەك لە زمانەکەماندا جێگیر بکرێت،چونکە هیچ کاریگەرییەك لەسەر کۆنسنانتەکان دروست ناکەن .

## 3-1پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی کاریگەرییانەوە لە زمانی کوردیدا

سەبارەت بە دەنگە کۆنسنانتەکان لە ڕووی کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە گۆڕانکاری دروست دەکەن ،ئەو کاریگەرییانەش لە چوارچێوەی دەنگسازیی فەرهەنگیدا بۆ چەند هۆکارێك پۆلێنبکەین ،لەوانەش:

**1-3-1 سازگەی دەنگەکان (منشاء الاصوات) :** ئەو دەنگانەی کە هاوسازگەن یان سازگەیان لێك نزیکە زیاتر دەکەونە ژێرکاریگەری یەکتر ،بۆیە ئاسانتر دەنگ گۆڕکێ دەکەن لە چاو ئەو دەنگانەی ،کە سازگەیان لێك دوورە، بۆنمونە: گۆڕانی دەنگی هەمزە [ ئـ ] بە دەنگی [ع] بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە ئەو دوو دەنگە سازگەیان لێك نزیکە دەنگی هەمزە [ ئـ ] سازگەکەی قورگە و دەنگی [ع] سازگەکەی گەرووە ،بۆنمونە : (40)

ا- قورئان← قورعان ب- ئاسمان ←عاسمان

### 2-3-1 جێکەوتەی دەنگەکان

واتە ئەو دەنگانەی هەمان جێکەوتەیان هەیە،ئاسانتر دەنگ گۆڕکێ دەکەن،بۆنمونە گۆڕانی دەنگی [د] بە دەنگی [ت] ،یان گۆڕانی دەنگی [گ] بە دەنگی [ك] لە کۆتایی وشەدا وەکو دوو دەنگی گیراو ،هەروەك لە وشەکانی (41)

ا- مهاباد← مهابات ب- بنیاد← بنیات پ- گورگ ←گورك ت- سەگ← سەك

گۆڕانی دەنگی [غ] بۆ دەنگی [خ] وەکو دوو دەنگی خشۆك بۆنمونە: (42)

ا- قەرەداغ← قەرەداخ ب-پەرداغ← پەرداخ ، هەروەها گۆڕانی دەنگی [ج] بۆ دەنگی [چ] وەکو دوو دەنگی ئەفریکات، بۆنمونە: (43) ا- ساج ← ساچ

ب- باج← باچ

هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،چونکە دەنگە گیراو و خشۆك و ئەفریکاتە (دەنگدارەکان) لە کۆتایی برگەدا دەنگدارییان کاڵدەبێتەوە یان نامێنێت بەو مەرجەی وشە و برگەی تریان بەدوادانەیەت،چونکە هاتنی وشە و برگەی تر بەتایبەتیش لە سیاقی فرێز و ڕستەدا ناهێڵێت دەنگە دەنگدارە گیراو و خشۆك و ئەفریکاتەکان لە کۆتایی وشەدا بگۆڕێن،ئەمەش وەکو یاسایەکە لە زمانەکەماندا، بۆنمونە : (44)

ا- مهاباد گوڵێکی لە باخەکە هەڵوەراند. ب-گورگ مەڕەکانی خوارد. پ- نانی ساج برژاوترە.

### 3-3-1 کاریگەریی دەنگی دەوروبەر

لە ئەنجامی خستنەپاڵی دەنگەکان بەگوێرەی فۆنۆتاکتیکی زمان،کاریگەری دێتە ئاراوە ،بە تایبەتیش لە نێوان دەنگی دەوروبەر ،بۆنمونە : (45)

ا-پشتدەر← پشدەر← پژدەر ، هەشت +دە← هەژدە ، دەستگا← دەسگا← دەزگا ،بیست دینار← بیز دینار ب- بەشدار ←بەژدار ، مسگەر← مزگەر ، شەش جار← شەژجار

پ-پێشمەرگە← پێژمەرگە

ت- باغچە← باخچە ج- شێخ غازی← شێغ غازی چ- شێخ دارا← شێغ دارا

ح- شێغ تاڵیب← شێخ تاڵیب خ- شێغ شەماڵ← شێخ شەماڵ د- باشماخ،ڕەشماڵ ،مشار ، دەسماڵ ،ساچمە

لەم نموونانەدا دەنگی دەنگدار کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگی بێ دەنگ،چونکە " دوو دەنگی جیاواز لە سیفەتێکدا لەیەکتری زیاتر نزیك دەبنەوە ،بۆ ئەوەی وزە کەمتر لە دەست بدرێت ،لەم وشانەدا کەوتنی دەنگی[ت] کە کپە ، ڕێگە بۆ گۆڕانی دەنگێکی کپی وەك [ش]خۆشدەکات ،تا [ ژ ]جێی بگرێتەوە،وەك : ناشت ←دەنێژێت ." (بەهمەن تاهیر نەریمان،2013،ل107) .ئەم نزیکبوونەوەیش زیاتر لە نێوان ئەو دەنگانەیە ،کە هاوئۆرگانن،بۆیە ئەو گۆڕانە دەنگییانەی بەسەر وشەکانی نمونەی (45-ا) دێن،بەڵگەی ئەو ڕاستییەن و شیکردنەوەی نمونەکانیش ئەم بابەتە ڕوونتر دەکاتەوە،بۆنمونە لە وشەی {پشتدەر} دا ، دەنگی دەنگداری [د] کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگی بێ دەنگی [ش] وەکو خۆی گۆڕیویەتی بۆ دەنگی دەنگداری [ژ] ،بەڵام دوای ئەوەی دەنگی بێ دەنگی [ت] کەوتووە،کەواتە دوو دیاردەی دەنگی ڕوویداوە،نمونەکانی {هەژدە ،دەزگا ،بیست دینار}یش بەهەمان شێوە ڕۆنراون ، هەروەها لە نمونەکانی (45-ب) {بەشدار ،مسگەر،شەش جار} دا دەنگە دەنگدارەکانی [د،گ،ج] کاریگەرییان کردۆتە سەر دەنگە بێ دەنگەکانی [ش،س،ش] بۆ دەنگی دەنگداری [ژ،ز،ژ] گۆڕاون ،لە نمونەی (45-پ) {پێشمەرگە} دا دەنگی دەنگداری [م] کاریگەریی کردۆتە سەر دەنگی بێ دەنگی [ش] و وەکو خۆی گۆڕیویەتی بۆ دەنگی دەنگداری [ژ]، هەروەها لە نمونەی (45-ت) {باغچە}دا ،دەنگی بێ دەنگی [چ] کاریگەریی کردۆتەسەر دەنگی دەنگداری [غ] گۆڕیویەتی بۆ دەنگی بێ دەنگی [خ]،هەروەها لە نمونەی (45-ج) فرمیزی { شێخ غازی ← شێغ غازی } و نمونەی (45-چ) { شێخ دارا ← شێغ دارا} دا ،دەبینین دەنگی دەنگداری [غ] و [د] کاریگەرییان کردۆتە سەر دەنگی بێ دەنگی [خ] وەکو خۆیان بۆ دەنگی دەنگداری [غ] گۆڕیویانە ،بۆیە دەربڕینی فرمیزەکان بۆتە {شێغ غازی ، شێغ دارا} ، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو کات دەنگی دەوروبەر کاریگەریی بکەنە سەر یەکتر ، بەواتایەکی تر نمونەی ناوێزیش لە زمانەکەماندا بەرچاو دەکەوێت،بۆنمونە لە (45-ح) {شێخ تاڵیب ← شێخ تاڵیب } و نمونەی (45- خ) {شێخ شەماڵ ← شێخ شەماڵ } دا ،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە هەردوو دەنگی [خ]لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و دەنگی [ت] لە (45-ح) و دەنگی [ش] لە (45-خ) لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا دوو دەنگی بێ دەنگن.هەروەها لە نمونەکانی (45-د) {باشماخ،ڕەشماڵ،دەسماڵ،ساچمە}دا،دەنگی

[م] هیچ کاریگەرییەکی لە دەنگەکانی [س،ش،چ] لە پێش و دوای خۆی نەکردووە ،چونکە دەنگی [م] زەبری جێگیر نییە،بەڵام دەنگە گیراوە دەنگدارەکان[د،ب،گ] زەبریان جێگیرە،واتە کاریگەریی دەکەنەسەر دەنگەکەی پێش خۆیان و دەیگۆڕن بەوەرجەی دەنگی پێشیان وەستاو (ساکین) بێت،بۆنمونە : (46)

ا- سەرت داگرە ← سەرد داگرە ب- چەك دار ←چەگدار

پ- نینۆك بڕ ←نینۆگ بڕ ب- نەت برد ← نەد برد

ج- دەستگرە ← دەسگرە ← دەزگرە چ- دەستگا ← دەسگا ←دەزگا

## 4-3-1 کاریگەریی دەرچەی دەنگەکان و دیالێکتیك و زمانەکان بەسەریەکترەوە

زۆرجاران هەردوو هۆکاری دەرچەی دەنگەکان (مخارج الاصوات) و کاریگەریی زمانەکان بەسەر یەکترییەوە ،دەبنە هۆکارێکی کاریگەر بۆ گۆڕانی دەنگەکان،بەتایبەتیش ئەو دەنگانەی لەیەك دەرچەوە دەردەچن،هەرچەندە هاوسازگەشبن،بەڵام زۆرجاران کاریگەریی دەرچەی دەنگەکان و هەژموونی زمانی دراوسێ، گونجان و پێکەوە هاتنی دەنگەکان ئاسانتر دەکات،بۆنمونە هەرچەندە زمانی کوردی و فارسی لە یەك خێزانە زمانن،بەڵام زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی فۆنەتیکی زمانی عەرەبییەوە ،دەنگی [ن]بۆ[م]دەگۆڕێت ،بەهۆی کاریگەریی دەنگی [ب] ،بۆنمونە: (47)

ا- بەرانبەر ← بەرامبەر ب- عەنبەر ← عەمبەر پ- قونبلە ←قومبلە ت- تەنبەڵ ←تەمبەڵ

ج- کونبار ← کومبار چ- قەنبەر ← قەمبەر ح- قەنبوور ← قەمبوور خ- گونبەت ←گومبەت

د- حەسەن بەگ← حەسەمبەگ

هۆکاری گۆڕانی دەنگی [ن] بۆ [م] لەم نمونانەدا هاودەرچەیی و کاریگەریی زمانییە،چونکە دەنگەکانی [ن]و[ب] سازگەیان جیاوازە،بەوەی دەنگی [ن]دەنگێکی پوکی ددانییە،بەڵام[ب]دەنگێکی لێوییە،ئەو لێکدوورییەی سازگەکانیان وایکردووە دەربڕینیان بەسەر یەکترییەوە قورس بێت ،چونکە پێویستیان بە گواستنەوەی سازگەی دڕکاندنە و زیاتر لە جوڵەیەکیان پێویستە،بۆیە بۆ ئاسانی دڕکاندن و پاراستنی وزە ،کاریگەریی دەرچەی دەنگەکان دەنگی [ن]بۆ[م]دەگۆڕێت ،کە هەردووکیان دوو دەنگی لووتین (Nasal Sound) ، هەروەها هەمان دیاردەی دەنگی لە زمانی عەرەبیشدا هەیە، بۆنمونە: (48)

وشەکانی {أنباء ، أنبياء }لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەیەك دەنوسرێن ،وەك ٹاٱٻٱ جحجمحجحمخجخمسجغجّ سورة أل عمران ، ٹاٱٻٱ نن نى ني ىٰ ئمّ سورة المائدة

،کەدەنگی[ن]،دەنگی[م]ی بەشێوەیەکی بچوك لەسەری دەنوسرێ،بەڵام بەدەنگی [م]،واتە {أمباء ، أمبياء } گۆدەکرێن،هۆکارەکەشی بۆ ئەو یاسا تەجوید (أحكام النون الساكنه) – (هەڵگێرانەوە الأقلاب) بیەی قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوە ،کە دەڵێت: ( تكتب < نونا > و تلفظ < ميماً > ) ،"ئەگەر هاتوو لە وشەیەکی سادە یان لێکدراودا بە دوای دەنگی [ن] دا دەنگی [ب] هات ،ئەوە دەنگی [ن] دەگۆڕێت بۆ دەنگی [م] و ڕەچاوی لێو گیرکردن دەکرێت،بۆنمونە: من بعد← مم بعد " (عادل ڕەشید قادر ،2016،ل96) ،وشەی {من بعد}لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەیەك دەنوسرێن ،وەك ٹآٱٓٱ یی ییی ئج ئح ئخ ئم ئهحم ً سورة البقرة ، هەروەها بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە ،کە دەنگی [م] و دەنگی [ب]یەك سازگەیان هەیە ،کە دوو دەنگی لێوین ،بۆیە ئاسانتر دەردەبڕدرێن،بەڵام دەنگی [ن] و دەنگی [ب]سازگەیان جیاوازە ، دەنگی [ن] سازگەکەی لە نێوان پوك و ددانە ،بەڵام دەنگی[ب]سازگەکەی لێوییە.لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی تر بەرچاو دەکەوێت،دەنگی [ن] بۆ دەنگی [ب]ناگۆڕێت،بەهۆی بوونی دەنگی ڤاوڵ لە نێوانیاندا ،چونکە دەنگە ڤاوڵەکە ڕووپۆش دروست دەکات و ناهێڵێت ئەم دوو دەنگە بکەونە ژێر کاریگەریی یەکترییەوە ،بۆنمونە: (49)

وشەی {عِنَبْ} ی لە زمانی عەرەبیدا ،هەروەها وشەی { عَنَبَ - عەنەب} [3] لە زمانی کوردیدا،لەم جۆرە نمونانەدا بۆیە دەنگی [ن] نابێت بە دەنگی [م]،چونکە [ن]لە حاڵەتی سکونی دەرچووە و بووە بە جوڵەدار (مُتحرك) واتە {نە} ،بۆیە یاساکەی بەسەردا جێبەجێ نابێت ،کە دەڵێت : ئەگەر دەنگی [ن] وەستاو بوو، وەلە دوای دەنگی نون دەنگی [ب] ی جوڵەدار (مُتحرك) هات ،ئەوا دەنگی [ن] بۆ دەنگی [م] دەگۆڕێت،تەنانەت لە سنووری فرەیز و ڕستەشدا ئەم یاسایە جێ بەجێ نابێت ،ئەگەر دەنگی [ن] پێش دەنگی [ب] جوڵەدار بێت ،بۆنمونە : (50)

أ- ئارماس و ئاری چوون بۆ زانکۆ . ← ئارماس و ئاری چووم بۆ زانکۆ .

ب-ئارماس و ئاری چوونە زانکۆ . ← * ئارماس و ئاری چوومە زانکۆ [4]

لە نمونەی (50-أ) دا ، چونکە دەنگی [ن] وەستاوە و دەنگی [ب]ی بەدواداهاتووە ،کە لە حاڵەتی جوڵەدایە،بەهۆی ئەو دەنگە ڤاوڵەی بەدوایدا هاتووە ،بۆیە دەنگی [ن]بۆ دەنگی[م] دەگۆڕێت،بەڵام لە نمونەی ( 50-ب) دا ،چونکە دەنگی [ن]جوڵەدارە (مُتحرك) ە ،بۆیە بۆ دەنگی [م] ناگۆڕێت ،هەروەها نمونەی تریش لە دیالێکتە جیاوازەکاندا بەرچاو دەکەوێت،کە هەمان کاریگەریی دەنگەکان بەدی ناکرێت ،بۆنمونە : (51)

ا- ئەوان چوون بۆ بازاڕ . ←ئەوان چووم بۆ بازاڕ.

ب- ئەوان چوون لۆ بازاڕ.

نمونەی (51-أ) یاساکەی بەسەردا جێبەجێبووە،چونکە دەنگی [ن] وەستاوە و دەنگی [ب]ی بەدواداهاتووە ،کە لە حاڵەتی جوڵەدایە،بەهۆی ئەو دەنگە ڤاوڵەی بەدوایدا هاتووە ،بۆیە دەنگی [ن]بۆ دەنگی[م] دەگۆڕێت ،بەڵام لە ڕستەی (51-ب) یاساکە جێ بەجێ نابێ لەبەر ئەوەی دەنگی [ب] گۆڕدرا بۆ دەنگی [ل]،ئەم دوو دەنگەش سازگەیان لێك دوورە ،هەروەها زۆرجاران هۆکاری دیالێکتیکی دەبێتە هۆی گۆڕانی دەنگ ،بەتایبەتیش لە نێوان ئەو دەنگانەی هاودەرچەن (مخارج الأصوات ) یان شوێنی دەرچوونی دەنگەکان لێك نزیکە ،بۆنمونە: لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا گۆڕانی دەنگی [و] لە شێوەزاری سلێمانی بۆ دەنگی [م ]لە شێوەزاری گەرمیان ،هەروەها گۆڕانی بۆ دەنگی [ڤ] لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا ،بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە ئەم دەنگانە هاوسازگەن یان سازگەیان لێك نزیکە ،چونکە دەنگی [و] و [م] یەك سازگەیان هەیە،کە لێوە ،بەڵام دەنگی [ڤ]سازگەکەی لێوی ددانییە،بۆنمونە: (52)

ا- نیو سەعات ← نیم سەعات ←نیڤ سەعات

هەروەها گۆڕانی دەنگی [و] لە شێوەزاری سلێمانی بۆ دەنگی [ڤ] لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا ،وەك:

ب- ئاو← ئاڤ ، چاو ← چاڤ ، سێو ← سێڤ (کرمانجی سەروو-شێوەزاری دهۆك)

پ- دەم ← دەو (کرمانجی ناوەڕاست-شێوەزاری هەولێر)

ت- باران ← واران (کرمانجی خواروو - شێوەزاری گەرمیان)

گۆڕانی دەنگیی لە نمونەکانی (52-ب) دا ، لە نێوان دیالێکتەکانی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست و خوارووی زمانی کوردیدا ،بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە ئەم دەنگانە هاودەرچەن ،بەڵام سازگەیان جیاوازە ،بەجۆرێك دەنگی [ب] سازگەکەی لێوییە و دەنگی [و] بەهەمان شێوە سازگەکەی لێوییە،هەروەها دەنگی [ڤ]سازگەکەی لێوی ددانییە،هەروەها لە نمونەی (52-پ) دا ،گۆڕانی دەنگی [م] بۆ [و] لە شێوەزاری هەولێر ،هەروەها لە نمونەی (52-ت)دا گۆڕانی دەنگی [ب] بۆ [و] لە شێوەزاری گەرمیاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە ئەم دەنگانە هاودەرچەن ،واتە لێو تێیاندا هاوبەشە ،بەڵام سازگەیان جیاوازە. هەروەها کاریگەریی زمانی عەرەبیش بەهۆی قورئانی پیرۆز و داگیرکاری، زۆر مەرج و یاسای هونەرەکانی خوێندنەوەی قورئان و زمانی عەرەبی بەسەر

---

[3] ناوی شارۆچکەیەکە لەپارێزگای هەڵەبجەیە.

[4] ( *) هێمای نارێزمانی.

زمانی کوردیدا سەپاندووە،یەکێکیش لەو یاسایانە یاسای میمی وەستاوە (أحكام الميم الساكنه) ،ئەمەش کاتێك دەبێت ئەگەر دوو دەنگی [م] بەدوای یەکتردا بێن ،لە سنووری وشەیەك یان دوو وشە،لە گۆکردندا بە یەك دەنگی [م] گۆدەکرێن، چونکە " ئەگەر بەدوای دەنگی [م]دا دەنگێکی تری [م] هات ، لە دوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو ، واتە [م]ی یەکەم لە کۆتایی وشەی یەکەم و [م]ی دووەم لە سەرەتای وشەی دووەم ،ئەوە هەر دوو [م]کە وەکو یەك [م]گۆدەکرێن بەمەرجی درێژکردنەوەی زرینگەکەی و گیرکردنی (مشدد) ،

بۆنمونە: (53)

ا- لكمْ ما. ﭦﭧﭨﭩ عج عم غج غم فج فح فخ فم مج سورة البقرة

ب- مالهمْ من الله, ﭦﭧﭨﭩ ﱠ ﱡ ﱢ ﱣ □ ئرئز تي سورة يونس، بەڵام بەو مەرجەی میمی یەکەم وەستاو (ساکن) بێت،هەروەها لە ناوی ڕۆژەکانی هەفتەدا لە زمانی تورکیدا (شێوەزاری هەولێر) {شەممە ،یەك شەمبە ،دوو شەمبە...هتد} بەر یاسای (إقلاب) هەڵگێرانەوە یان گۆڕان نابنەوە،بەڵام لە زمانی فارسی ئەمانە بەر یاسای (إقلاب) هەڵگێرانەوە یان گۆڕان دەبێتەوە {شەنبە ، یەك شەنبە،دوو شەنبە ...هتد }← }شەمبە ، یەك شەمبە، دوو شەنم بە ...هتد) هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ، لەبەر ئەوەی لە نوسینی ئەلف و بێی کوردیدا گیرکردن (شدده) هیچ وێنەیەکی بۆ دانەندراوە ،بەڵکو هەمان پیت دووبارە دەنوسرێتەوە {شەممە}." (عادل ڕەشید قادر،2016،ل97).

## 5-3-1 ئابووریکردن لە دەربڕینی دەنگەکان

هەرچەندە ئابووریکردن لە دەربڕیندا پەیوەندی بە سەلیقەی ئاخێوەرانی زمانەوە هەیە،بەڵام خواست و کارامەیی قسەکەر بۆ گەیاندنی پەیام و ویست و ئارەزووی گوێگر بۆ وەرگرتنی پەیامەکە لە نێوان کورتبڕی و درێژدادڕیدا و مەیلی دینامیکیەتی ئەندامانی ئاخاوتن بەمەبەستی پاراستنی وزە ،بەشێوەیەکی ڕێژەییانە لە نێوان ئاخێوەرانی زماندا بەکارهێنانی زمانی بەرەو ئاسانتر بردووە و ئابووریکردنی لە دەربڕینی دەنگەکاندا هێناوەتە ئاراوە ، ئەمەش ماهیەت و سروشتی بەکارهێنانی زمان دەردەخات ،کە هەمیشە بەرەو ئاسانبوونە ،بۆیە بابەتی ئابووریکردن کاریگەریی لەسەر شێوەی دەربڕینی دەنگەکان لە فۆرمی وشەدا هەیە،بەتایبەتیش لە دەربڕینی دەنگە ئەفریکاتەکان [ج] و [چ] لە سەرەتا و کۆتایی وشەدا ،چونکە ئەم دەنگە ئەفریکاتانە دەنگێکی تێکەڵاون و هەر دەنگێکیان لە دوو دەنگی تر دروستبوون،بەم شێوەیە :

[د+ژ ←ج ] ، [ت+ش ←چ ]

بۆیە بەکارهێنانیان قورسایی دەخاتە سەر جوڵانەوەی ماسولکەیی سازگەی ئەو دەنگانە ،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگە ئەفریکاتەکان وزەیەکی زیاتریان پێویست بێ ،چونکە ئەم دەنگانە تێکەڵاون بە گیراو دەستپێدەکەن و بەخشۆك کۆتاییان دێت،"دەنگە گیراوەکانیش پێش درکاندنیان تەزووی هەناسە بەتەواوی ڕادەگیرێت،پاشان بەرەڵا دەکرێ،واتە پێش درکاندنیان پێویستیان بە جۆرێك لە وەستانە ،بەڵام دەنگە خشۆکەکان جارجار تەگەرەیەك دەخەنە پێش تەزووی هەناسە." (تاڵیب حوسێن عەلی ،2015،ل43)، کەواتە لەبەر ئەوەیە ئاخێوەر حەز بە درکاندنی دەنگە خشۆکەکە دەکات نەك دەنگە گیراوەکە ،چونکە بۆ جوڵەی ماسولکەیی ئەندامانی ئاخاوتن قورسترە و وزە بەرە ، بۆیە دەنگی دووەم واتە دەنگە خشۆکەکە هەڵدەبژێرن لە دەنگە ئەفریکاتەکان ،بۆنمونە: (54-أ) لە زمانی عەرەبیدا وشەی {چارلی چاپلن} بەشێوەی {تشارلی شاپلن} دەنوسرێ ،بەڵام بە {شارلی شاپلن} دەریدەبڕن ،هەروەها لە زمانی کوردیدا وشەکانی (55) ب-{فۆنۆلۆجی،پ-کۆلیج،ت-لیجنە،ج-تانجی} بەشێوەی {فۆنۆلۆژی،کۆلێژ،لێژنە،تاژی} دەردەبردرێن،چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێنوسی ئەلفوبێی جیهانی (IPA) بۆ نوسینی ئەم وشانە،بەشێوەیەکی ئاشکرا دیارە ،کە هەر دەنگێکیان لە دوو دەنگ دروستبوون،کە بە گیراو دەست پێدەکەن و بە خشۆك کۆتاییان دێت ،وە لەبەر ئاسانی دەربڕین و ئابووریکردن لە زماندا ،لە زمانی کوردی و عەرەبیدا دەنگە خشۆکەکە دەردەبڕێت ،بەم شێوەیەی خوارەوە :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ا- چارلی چاپلن | ← | ʧarly ʧaplɨn | شارلی شاپلن | ʃarly ʃaplɨn |
| ب- فۆنۆلۆجی | ← | phonolodʒy | فۆنۆلۆژی | phonoloʒy |
| پ- کۆلیج | ← | colladʒ | کۆلێژ | collêʒ |
| ت- لیژنە (لیجنە) | ← | lydʒnə | لێژنە | lêʒnə |
| ج- تانجی | ← | tandʒy | تاژی | taʒy |

شایەنی ئاماژە پێکردنە وشەی {لێژنە} کە لە وشەی {لِجنە} ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە لە شێوەزاری کۆیەدا بەشێوەی {لوجنە}گۆدەکرێت ،هەروەها لە وشەی {تانجی} دا ،دوای ئەوەی دەنگی [ن] کەوتووە،دەبینین دەنگی [ج] بۆتە [ژ] ،واتە لەم نمونەیەدا دوو دیاردەی دەنگیی (سوان و گۆڕان) ی دەنگ ڕوویداوە ،ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زمانی عەرەبیدا بەتایبەتیش لە شێوەزاری لوبنانیدا نمونەی پێکهاتەی دەنگە ئەفریکاتەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت،بۆنمونە هەرچەندە لە نوسیندا ئەم وشانەی خوارەوە بە دەنگی [ج]دەنوسن،بەڵام لە گۆکردندا بە دەنگی [ژ]گۆیان دەکەن،بۆنمونە (56) لە بری {جمال}،دەڵێن {ژمال}و لەبری {أرجوك}دەڵێن {أرژوك}و لەبری {أجل}دەڵێن {أژل} ، لەبری {أجناس}دەڵێن {أژناس}، لەبری {حجاج}دەڵێن {حژاژ}...هتد . زۆرجارانیش بەمەبەستی ئابووریکردن و ئاسانی لە درکاندندا دەنگێك لە وشەیەکدا

دەسوێت،بۆنمونە (57) (دانیشە ←دابنیشە،هەڵبگرە ← هەڵگرە ...هتد) ،"بەڵام ئەم یاسایە بەسەر هەموو وشەیەکدا وەکو خۆی جێ بەجێ نابێت ،بەڵکو کۆت وبەندی واتایی و بەرهەمهێنانی وشەی قەدەغەکراو (تابۆ) یان گۆڕینی واتا یا دروستبوونی هاوبێژی لەگەڵ وشەیەکی تر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم سوانی دەنگ و ئابووریکردن،بۆنمونە :

| | | |
|---|---|---|
| ا- کێرد ← کێر | واتە ئەندامی نێرینەی پیاو | (قەدەغەکراو |
| ب- گوند ← گون | واتە ئەندامی نێرینەی منداڵ | (قەدەغەکراو |
| ج- گەڵا ← گەڵ | واتە شوێنی ئەندامانی زاوزێ | (قەدەغەکراو |

هەروەها نمونەی وشەی هاوبێژیش بەرچاو دەکەوێت ،لە وانەش

بەرد ← بەر (هاوبێژی)

ا- بەر (بەری دار)

ب- بەر (پێش) بەر ماڵان ، بەر دەرگا ، بەر پەنجەرە ...هتد

پ- بەر (مووی دەوری ئەندامی زاوزێ) (قەدەغەکراوە)

بۆیە فەرهەنگە ئاوەزییە ڕێگە بە سوانی دەنگەکان نادات ،هەرچەندە بەمەبەستی ئابووریکردنیش بێت ،چونکە وشەی قەدەغەکراو (تابۆ) دێنێتە ئاراوە ، تەنانەت وشە وەرگیراوەکانی زمانی بێگانەش ڕەچاوی ئەم کۆت وبەندە مۆرفۆنۆلۆژییە دەکەن ،بۆنمونە :

ا- گوود ← گوو good

ب- ڤێری گوود ←ڤێری گوو" very good عادل ڕەشید قادر و بێستون حسن احمد،2016،ل74، 75 )

## 1-3-6 خواستی کەسی و شێوازی دەربڕین

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد،دیاریکردنی سنووری بڕگە کارێکی وا ئاسان نییە ،ئەمەش بەهۆی جیاوازی نێوان ئاخێوەرانی زمان،کە دەربارەی چۆنیەتی گۆکردنی دەنگەکان جیاوازن،لە ڕووی تایبەتمەندی کەسی و تەنانەت جیاوازی بابەت و شوێن و کاتی ئاخاوتن ،چونکە " دیاریکردنی سازگەی دروستبوونی دەنگ،هەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز نییە،بەڵکو لە ئاخێوەرێکەوە بۆ ئاخێوەرێکی تری هەمان زمانیش هەر وایە،تەنانەت هەمان کەس لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە بۆنەیەك بۆ بۆنەیەکی تر دەنگەکان جیا گۆدەکات،ئەمەش هۆکاری زۆرە ،لەوانە ڕاهاتن و خوپێوەگرتن و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و پەروەردەیی و دەروونی ..هتد."(کمال محمد بشر،2000،ل181). بۆیە زۆرجار سنووری بڕگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر گۆرانی بەسەردا دێت ،جاری واش هەیە لە وتەیەکەوە بۆ وتەیەکی تر ئەم جیاوازییە بەدیدەکرێت،ئەمەش وایکردووە گۆرانی سنووری قالبەکانی بڕگە بابەتێکی گرنگی دەنگسازیی فەرهەنگی و نافەرهەنگی بێت،چونکە هەرچەندە گۆڕانی سنووری قالبەکان بە گوێرەی جیاوازی کەسەکان و ڕۆنانە مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکان دەگۆڕێت،بەڵام گۆڕانی سنووری قالبەکانی بڕگەش پەیوەندی بە کاریگەریی دەنگەکانەوە هەیە، سەبارەت بە جیاوازی کەسەکان سنووری قالبەکانی بڕگە لە شێوازی دڕکاندنی بڕگەکانی هەمان وشە دەگۆڕێت،بۆنمونە لە وشەکانی {کوردستان ،سەرچنار} دا،کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ،دەبینین بە گوێرەی جیاوازی ئاخێوەرانی زمانەکەمان جیاواز گۆدەکرێن ،بەتایبەتیش بە جیاوازی نێوان ئاخێوەرانی ڕەسەن و نارەسەن بەنمونەی ئاخێوەرەی (بەنگلادیشی ، عەرەبی و ئینگلیزی...هتد) ،هەروەها شێوازی دەربڕینی وشەکان بە تەنیا ،یان لە ڕۆنانە ئاڵۆزەکان (فرەیز و ڕستە) دا، بەتایبەتیش لە نێو دێرە شیعردا جیاوازە ،سنووری قالبەکانی بڕگە دەگۆڕێت،بۆنمونە: (58) وشەی {کوردستان kurdɨstan } ،بەهۆی ئەو ڕووپۆشەی دەنگی ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) [ɨ]بۆ دەنگی [د]دروستی دەکات،ناهێڵێت دەنگی[د]بگۆڕێت ،بۆیە وشەی { کور / دس/ تان } بەسێ بڕگە گۆدەکرێت،هەروەها لە نمونەی وشەی (59) {سەرچنار sərtʃ ɨnar } یش بەهەمان شێوە بەهۆی ئەو ڕووپۆشەی دەنگی بزرۆکە[ɨ]بۆ دەنگی [چ]دروستی دەکات، ناهێڵێت دەنگی [چ] بگۆڕێت ،بۆیە وشەی { سەر / چ / نار } بەسێ بڕگە گۆدەکرێت،ئەمەش بەتایبەتی لە شێوازی قسەکردنی ئەو ئاخێوەرانەدا زۆر هەستی پێدەکرێت ،کە ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی کوردی نین،لە هەمان کاتدا دەبینین هەر هەمان ئەو وشانە لە لایەن ئاخێوەرانی زمانەکەمانەوە بە دوو بڕگە دەردەبڕدرێن ،بەڵام بەکاریگەریی و جیاوازی دەنگەکانی دراوسێیان،بۆنمونە وشەی {کورد/ستان } بە دوو بڕگە دەردەبڕدرێت،بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،کە دەنگی [س] دەنگێکی خشۆکە،هەرچەندە لە گرووپی یەکەمی دەنگەکانە لە ڕووی کاریگەرییەوە ،بەڵام کاریگەریی لاوازە ،چونکە دەنگێکی بێ دەنگە، بۆیە هەوڵدەدات دەنگی [د]ی پێش خۆی وەکو خۆی لاواز بکات ،هەروەها لە وشەی {سەرچ / نار } یش ،کە بە دوو بڕگە دەردەبڕدرێت ،بۆئەوە دەگەڕێتەوە ،کە دەنگی [ن] دەنگێکی لووتییە و بەهۆی کون تێبوونی ڕێڕەوەی دڕکاندنی ،دەبینین کاریگەریی کەمترە ،هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی وشەکە بە دوو بڕگە دەربڕێت.

هەروەها ڕۆنانە مۆرفۆسینتاکسییەکان سنووری قالبەکانی بڕگە دەگۆڕن،چونکە لە ئەنجامی ڕۆنانی وشەی ناسادە (دارێژاو ،لێکدراو) و فرەیز و ڕستەکان بەهۆی زیادکردنی پێشگر وپاشگر بۆ وشە و ئامرازی پەیوەندی و خستنەسەر بەمەبەستی لێکدانی کەرسەکانی فرەیز و ڕستە،بەهۆی کاریگەریی دەنگەکان سنووری لێکدانی قالبەکانی بڕگەش بە گوێرەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان دەگۆڕێت ،بۆ ئەوەی سروشتی گۆرانی

قالبەکانی برگەش بزانین ،پێویستە لە مەرجەکانی ڕۆنانی برگە لە زمانەکەماندا تێبگەین ،کە بریتین لە "

1-ڤاوڵ ناوکی برگە پێکدەهێنێ ،و برگە بەبێ ڤاوڵ دروست نابێت.بۆنمونە : (60) دار ، شیر ، کۆن ...هتد

لەم وشانەدا دەنگەکانی [ ا ، یـ ،ۆ ] ناوکی برگەیان پێکهێناوە .

2-لە وشەیەکدا چەند ڤاوڵ هەبێ ئەوەندە برگەیە هەیە، یاخود بە واتایەکی تر چەند برگە لە وشەیەکدا هەبن ئەوەندە ڤاوڵە بوونیان هەیە. بۆنمونە: (61) {گە/لا / وێژ} وشەیەکە لە سێ برگە پێکهاتووە ،چونکە سێ دەنگی بزوێنی تێدایە ،کە بریتین لە دەنگەکانی [ ە ،ا ،یـ ] .

3- ڤاوڵ کە ناوکی برگە پێکدەهێنێت لە گەورەترین برگەی کوردیدا (CCVCC) ،بۆنمونە: (62) {بروسك } واتە دوو کۆنسانانت لە جەمسەری سەرەتا و کۆتایی برگەدا دەبن،بەڵام نموونەی ناوێزەش هەیە،وەکو : (63)

{ گەیشت ، ڕۆیشت }.

4-سەرەتای برگە نابێت چۆڵ بێت ،واتە نابێت بە ڤاوڵ دەست پێبکات ،ئەم مەرجە بوون و نەبوونی قالبەکانی (V.VC.VCC) لە ڕۆنانی وشەی یەك برگەیی لە زمانەکەماندا خستوتە ژێر پرسیارەوە ،چونکە بوون و نەبوونیان بەندە بەوەی ئایا هەمزە دەنگە یان فۆنیمە؟[5] بۆنمونە: (64) ئا ، ئاو ، ئاست

5-ئەگەر دەنگێکی کۆنسانانت کەوتە نێوان دوو ڤاوڵەوە ، ئەوا کۆنسانانتەکە لەگەڵ برگەی دووەمدا دەڕوات،بەواتای ئەوەی دەبێتە پارچەی جەمسەری سەرەتای برگەی دووەم بۆ ئەوەی مەرجی چوارەم جێ بەجێ بێت،بۆنمونە : (65) { دار + ا ? / دا / + / را / }،و ئەگەر دوو کۆنسانانت کەوتنە نێوان دوو ڤاوڵەوە ئەوە کۆنسانانتی دووەمی جەمسەری کۆتایی برگەی یەکەم ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت و لەگەڵ برگەی دووەمدا دەڕوات ،بۆنمونە: (66) { دەشت +ان ← دەش / + / تان/ }" (عادل ڕەشید قادر و بێستون حسن احمد،2016،ل73). لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی سەرەوە بەمەبەستی ڕۆنانی برگە لە زمانەکەماندا چەند مەرجێکی تر گەڵاڵە دەبن ،کە دەکرێ وەکو یاسای ڕۆنانی برگە لە زمانی کوردیدا پەیرەوبکرێن،لەوانەش :

ا- سەرەتای برگە دەبێت دەنگێکی کۆنسانانت بێت ،کە مەرجێکی بە خورتییە،بۆنمونە: (67)

گەو/ رە ، کە/ نار ، تا / ریك ، دا / را

ب-بەزۆری لە سەرەتای برگەدا لە دوو کۆنسانانت زیاتر ریز نابن،بۆنمونە: (68)

دیاری ، تیمار ، ژوان ، کوندە ، پرۆژە

پ- کۆنسانانتی دووەم لە سەرەتای برگەدا زیاتر نیمچە ڤاوڵە ، "لە زمانی کوردیدا نیمچە ( ڤاوڵ/ کۆنسانانت ) مکانی [و،ی] ئەگەر چی لە ڕووی فۆنەتیکەوە لە یەکتر جیاوازن ، بەڵام لە دابەشبووندا هەمان ڕەفتار دەنوێنن لە قالبی برگە لە جەمسەری سەرەتادا لە بەشی دووەمی پێکهاتەکەدا لە هەمان جێکەوتەدا دەکەونەوە." (عادل ڕەشید قادر ،2016،ل89) ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دوو دەنگەی سەرەتای برگە جوان ئاوێتە بن و بترینجێنە ناو یەکترەوە ،چونکە " فۆنیمی ڤاوڵ و فۆنیمی کۆنسانانت ،بریتین لە دوو پارچە دەنگی دژیەك و پێچەوانە ،چونکە لەسەر باری درێژی فۆنیمی ڤاوڵ سەری چالاکە و فۆنیمی کۆنسانانتیش کلکی چالاکە ،واتە فۆنیمی ڤاوڵ و فۆنیمی کۆنسانانت ،بریتین لە جووتی بایلۆژی (نێر و مێ ) ،جووتی کارەبایی (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ) ،چونکە لە ئاخاوتندا ئەو دوو فۆنە لە دوو نیوەدەنگی پێچەوانەی یەك (یەکەی دەنگی ) دەچن و دەبن بە هاوجووتی تەواو لە یەکەی گرێی دەنگسازیدا"(شێرکۆ بابان،2016،ل 117)، بڕوانە ئەم هێلکارییەی خوارەوە :




بۆنمونە : (69) {جوان ، شوان ، ڤیان ، پیاو ، پیاز ...هتد } ،بۆیە لە سەرەتای برگەدا دەنگە کۆنسانانت و نیمچە( ڤاوڵ/ کۆنسانانت) و ڤاوڵ بەجوانی یەکدەگرن ،بەم شێوەیەی خوارەوە:




شایەنی ئاماژەبۆکردنە ، نیمچە ڤاوڵەکان [و ، ی] لە ڕووی چالاکییەوە سەر و کلکیان چالاکە ،بەم شێوەیە :




بۆ نمونە : (70) یادگە ، وازی ، نوێ ، پیاو

ت-لە نێوان دوو کۆنسانانتی یەکەم و دووەم لە سەرەتای برگەدا،زۆربەی کات ڤاوڵە ساردەکە (بزرۆکە) بوونی هەیە،بۆنمونە: (71)

برا bɨ / ra ، چرا ʧ ɨ / ra ، کرا kɨ / ra ، گلا gɨ / la

[5] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕێبین خالد خچر و تالیب حوسێن عەلی (2020) دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین،ژمارە1،بەرگی 7.

هەروەك ئاماژەمان بۆكرد،لە سەرەتای برگەدا درز دروست دەبێت ،چونكە ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) لە نێوان دەنگە كۆنسنانتەكانی سەرەتای برگەدا پەیدا دەبێت،بەڵام لە كۆتایی برگەدا درز دروست نابێت،چونكە ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) لە نێوان دەنگە كۆنسنانتەكانی كۆتایی برگەدا پەیدا نابێت ،بۆنمونە: (72)

ڕەند rənd ، دەشت dəʃt ، مانگ mang

ئەم دیاردەیە زیاتر لەم قالبانە دەردەكەوێ ،كە كۆتاییان بە دەنگی گیراو ،یان هەندێ جار بە دەنگە ئەفریكاتەكان هاتبێ ،بۆیە خاڵی (ب) و (ت) ی سەرەوە ،ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن ،كە لە سەرەتای برگەی زمانی كوردیدا ،چەپكە كۆنسنانت دروست نابێت،واتە وەكو زمانی ئینگلیزی نییە ،كە لە سەرەتای برگەدا سێ دەنگی كۆنسنانت بە دوای یەكتردا دێن،وەكو لە نمونەكانی (spring,stress,strong…) ،هەرچەندە لەنمونەكانی {خوراندن ،كوڵاندن} دا تێبینی دەكرێت ،كە سێ كۆنسنانت بە دوای یەكتردا هاتبن ،بەڵام لەبەر ئەوەی لەم وشانە و هاوشێوەكانیان دەنگی كۆنسنانتی دووەم نیمچە (ڤاوڵ/كۆنسنانت)ە و كۆنسنانتی تەواو نییە ئەمەلە لایەك ،لە لایەكی ترەوە لە زمانی كوردیدا وەكو زمانی ئینگلیزی نمونەی ڕیزبوونی سێ دەنگی كۆنسنانتی تەواو لە پێكهاتەی سەرەتای برگەی زمانەكەماندا نابینین ،بۆیە نەبوونی چەپكە كۆنسنانت لە سەرەتای برگەدا دەبێتە سیمایەكی حەقیقی لە زمانەكەماندا و لە زمانەكانی تری جیادەكاتەوە .

ج- كۆتایی برگە جیاوازە لەگەڵ سەرەتای برگە لە ڕووی هەڵكردن و بەیەكەوە هاتنی دەنگەكان،بۆ ئەو مەبەستەش دەنگەكان لە دروستبوونی درز لە نێوانیاندا ،بەهۆی ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) جیاوازن،بۆیە دەكرێت بڵێین ئەو چەپكە كۆنسنانتانەی كۆتایی ،بەمەرجێك دەنگی دووەمیان گیراو بێت ،ئەوە زۆر بەجوانی ئاوێتە دەبن و ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) ناكەوێتە نێوانیان،بۆنمونە: (73)

دەست،مەست،دەشت ،گەشت ،چەند،كەند،مەند،مانگ ،مەنگ ،ئەسپ ...هتد

بەشێوەیەكی گشتی دوو دەنگەكانی كۆتایی برگە ،ئەگەر یەك سازگە بوون درز دروست ناكەن ،بەڵام ئەو دەنگانەی سازگەیان جیاوازە درز دروست دەكەن،هەروەها ئەگەر دەنگی دووەمیان دەنگە(خشۆك،لووتیەكان،لاییەكان ،لەراوەكان ، خلیسكاو) مكان بوو ، ئەو كات درز دەكەوێتە نێوان چەپكە كۆنسنانتەكانی كۆتایی ،بەهۆی بوونی ڤاوڵی سارد (بزرۆكە) لە نێوانیاندا،كە بەهۆی ڕێنوسی ئەلفوبێی جیهانییەوە بە ڕوونی دەردەكەوێت، بۆنمونە: (74) مەرج mərɨdʒ ، خەرج xərɨdʒ، چەرخ ʧərɨx ، بەرخ bərɨx

پرچ pɨrɨdʒ ، نادر nadɨr ، قادر qadɨr ، شل ʃɨl ... هتد

لەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەكەین ،لە كۆتایی برگەدا بە زۆری چەند دەنگێك پێكەوە دەگونجێن ،بۆیە بە زۆری پێكەوە دەردەكەون،لەوانەش: دەنگی [س]و[ت]، دەنگی [ش]و[ت]، دەنگی [ن]و[د]، دەنگی [ر]و[ج]، دەنگی [ر]و[چ]، دەنگی [ن]و[ج]، دەنگی [ر]و[د]...هتد .ئەمەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەكات بڵێین : چەپكە كۆنسنانت لە كۆتایی برگەی زمانی كوردیدا دروست دەبێت،بەمەرجێك دەنگی دووەمی كۆتایی برگە دەنگێكی گیراو یان ئەفریكات بێت ،واتە یەك سازگەیان هەبێت یان سازگەیان زۆر لە یەكترەوە نزیك بێ ،ئەگەر تێبینی بكەین لە نمونەكانی {مەرج ،خەرج }دا، چونكە دەنگەكانی [ر]و[ج]دوو دەنگی ئەفریكاتن ،بۆیە درز دروست نابێت،بەڵام لە نمونەكانیی {چەرخ ،بەرخ }دا، چونكە دەنگی [خ] خشۆكە ،بۆیە درز دروست دەبێت .

چ- بەشێوەیەكی گشتی ڤاوڵەكان لە كاتی دركاندنیان لە ناو بۆشایی دەم و قورگ،هیچ بەربەستێكیان لەبەردەمدا دروست نابێت، هەر ئەم هۆكارەشە ،كە وا دەكات لەگەڵ دەنگە كۆنسنانتەكان و نیمچە كۆنسنانتەكان برژێنە ناو یەكتر و درز دروست نەكەن ،بۆنمونە: (75)

با ، چا ، شێ ، پیاو ، چیا ، چوار

ح- زیادبوونی هەر ڤاوڵێك لە وشەدا لە ئەنجامی وەرگرتنی گیرەك، زیادبوونی برگەی بەدوادادێت و قالبی برگەكانی وشەكەش دەگۆڕێت،بۆنمونە: (76) ا- وشەی {چاوCVC + انVC ← چا / CV وان CVC } ،هەروەها ب- وشەی {بەردCVCC + پاشگری(- ەڵان) VCVC ← بەر /CVدە / CV / لآن CVC .}

خ- زۆربەی كاریگەرییە دەنگییەكان لە نێوان دەنگی كۆتایی برگەی یەكەم و دەنگی سەرەتای برگەی دووەمدا دەبێت،بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە دەنگی كۆتایی برگەی یەكەم و دەنگی سەرەتای برگەی دووەم هەڵگری سیفەتی (دەنگدار و بێ دەنگ) ی بێت،چونكە ئەگەر دەنگی سەرەتای برگەی دووەم دەنگێكی دەنگدار بوو ،ئەوا دەنگی كۆتایی برگەی یەكەم وەكو خۆی دەكاتە دەنگدار ،بەڵام ئەگەر دەنگی سەرەتای برگەی دووەم دەنگێكی بێ دەنگ بوو ،ئەوا دەنگی كۆتایی برگەی یەكەم وەكو خۆی دەكاتە بێ دەنگ ،ئەم سیفەتەش تەنیا لە دەنگە گیراو و خشۆك و ئەفریكاتەكاندا هەیە ، چونكە هەڵگری سیفەتی (دەنگدار و بێ دەنگ) ن،بە واتایەكی تر تەنیا دەنگە گیراو و خشۆك و ئەفریكاتەكان كاریگەریی دروست دەكەن و دەكەونە ژێر كاریگەریشەوە ،بۆنمونە: (77)

ا- سەرت داگرە . ← سەرد داگرە . ب- پشدێن ←پژدێن

،بەڵام دەنگە لووتییەکان کاریگەرییان جێگیر نییە،هەروەها دەنگە( لابیەکان ، لەراوەکان ، ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵەکان ) تەنیا کاریگەریی دروست دەکەن و ناکەونە ژێر کاریگەرییەوە ،بۆنمونە: (78)

ا-پاش نوێژ ← پاژنوێژ ب-پاش نیوەڕۆ ←پاژ نیوەڕۆ

پ-پێشمەرگە ←پێژمەرگە

ت- ناسناو ←نازناو ج- خونچە ← خونچە چ- خورما ← خورما ح- بێدار ← بێدار

لە نمونەکانی (78-ا،ب) دا ، هۆکاری گۆڕانی دەنگی [ش]بۆ[ژ]بۆ کاریگەریی دەنگی لووتی [ن]دەگەڕێتەوە،هەروەها لەم نمونەی (78-پ) دا هۆکاری گۆڕانی دەنگی [ش]بۆ[ژ]بۆ کاریگەریی دەنگی لووتی [م]دەگەڕێتەوە،بەڵام وەك ئاماژەمان بۆکرد،دەنگە لووتیەکان کاریگەرییان جێگیر نییە،لە نمونەی (78-ت) دا هۆکاری گۆڕانی دەنگی [س]بۆ[ز]بۆ کاریگەریی دەنگی لووتی [ن]دەگەڕێتەوە،هەروەها لە نمونەکانی (78-ج،چ،ح) دا،نەگۆڕانی دەنگەکانی سەرەتای وشەکان [خ،خ،ب] بۆ کاریگەریی دەنگی نیمچە ڤاوڵی [و] و ڤاوڵی [ێ]دەگەڕێتەوە ،کە ڕووپۆشیان بۆ دەنگە کۆنسانانتەکەی پێش خۆیان دروست کردووە .

د- هەروەها دەنگە ڤاوڵ و نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسانانت) مکان دەنگە کۆنسانانتەکانی پێش خۆیان دەپارێزن لە زەبری کاریگەریی دەنگە کۆنسانانتەکانی تر ،بۆنمونە: (79) لە وەڵامی پرسیاری (چۆنی ؟) دا،کە دەڵێین:

دەستت ماچ دەکەم ← دەستد ماچ دەکەم ← دەست ماچ دەکەم ← دەس ماچ دەکەم.

dəsɨ matʃ dəkəm.

لەم نمونەیەدا دەبینین،بەهۆی ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ەوە ، کە لە کۆتایی دەنگی [س] دەرکەوتووە، ناتوانین بڵێین: {دەز ماچ دەکەم }،چونکە ڤاوڵی سارد (بزرۆکە) ڕووپۆشی بۆ دەنگەکەی پێش خۆی [س]دروستکردووە و ناهێڵێت بگۆڕێت بۆ دەنگی [ ز].

ر- تەنانەت پەیدابوونی کۆنسانانت یان نیمچە کۆنسانانت ،هەروەها سوانی ڤاوڵ ،پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یاساکانی ڕۆنانی برگەوە هەیە،چونکە زۆرجاران ،کە گیرەکێك بۆ وشەیەك زیاد دەکرێت ،ئەگەر وشەکە بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبوو ،هەروەها گیرەکەکەش بە ڤاوڵ دەستی پێکردبوو ،ئەوە مەرجی یاساکانی ڕۆنانی برگە،پەیدابوونی کۆنسانانت یان نیمچە کۆنسانانت دەسەپێنێت،چونکە بە زیادکردنی گیرەك بۆ وشەکە ژمارەی قالبەکانی وشەکەش دەگۆڕێت،هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد،یەکێك لە مەرجەکانی برگە ئەوەیە ،کە نابێت سەرەتای برگە بە دەنگی ڤاوڵ دەستپێبکات ،بۆیە زۆرجاران

برگەی دووەم یان سێیەم ،بەهۆی زیادبوونی گیرەك ،ئەم دیاردە دەنگییەیان تێدا ڕوودەدات ،بەهەمان شێوە لە ناوچوونی ڤاوڵیش لە کاتی زیادکردنی گیرەکدا بۆ ئەوەیە سەرەتای برگەی دووەم و سێیەم بە دەنگی ڤاوڵ دەست پێنەکەن ، " لەبەر ئەوەی یاسا و مەرجەکانی برگە لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە هاتنی دوو ڤاوڵ نادات بە دوای یەکترییەوە بێن ، بۆیە دوو دیاردەی دەنگی ڕوو دەدات ، لەوانە :

1- پەیدابوونی کۆنسانانت یان نیمچە کۆنسانانت لە نێوان دوو ڤاوڵدا ،بۆنمونە: (80)

برا +ان ← برایان ، مامۆستا + ان ← مامۆستایان ، دێ +ان ← دێیان

2- لە ناوچوونی ڤاوڵ ، بۆنمونە: (81)

ا- تەختە + ان ← تەختان ب- بەرە + ان ← بەران ." (عادل ڕەشید قادر،2016،ل92) . چەندین نمونەی تر لە زمانەکەماندا بۆ ئەم دوو دیاردە دەنگییە بەدیدەکرێت،لەوانەش : (82)

ا- چرا + ان ← چرایان ب- گەڵا ←گەڵایان پ- شوشە + ان ←شوشان ت- هۆبە +ان ⍰ هۆبان

هەروەها (زیادبوون یان کەمبوون) ی دەنگ ژمارەی قالبەکانی برگە دەگۆڕێت،بۆیە ڕاستەوخۆ شوێنی هێزیش دەگۆڕێت ، بۆنمونە: (83)

أ- ئازاد← ئا / زاد دوو برگەیە ،بەڵام لە ئا / زا / دی سێ برگەیە

ب- مهاباد← م / ها / باد سێ برگەیە ،بەڵام لە م / ها / با/ دی چوار برگەیە

ئەمەش بۆ مەرجی ڕۆنانی برگە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە ،کە نابێت سەرەتای برگە بە دەنگی ڤاوڵ دەستپێبکات ،شوێنی هێزیش گوازراوەتەوە لەسەر دەنگی [ا] بۆ سەر دەنگی [ی].شایەنی ئاماژە بۆکردنە ئەم دیاردەیە لە نێوان شێوە زارەکاندا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بۆنمونە: (84)

ا- هاتیتەوە← ها / تي / تە/ وە چوار برگەیە ( لە شێوەزاری هەولێر)

ب- هاتەوە ← ها / تە / وە سێ برگەیە ( لە شێوەزاری سلێماني)

پ- هاتۆ ← ها / تۆ دوو برگەیە ( لە شێوەزاری گەرمیان)

ز-هەروەها دەنگە کۆنسانانتەکان لە دەرەوەی سیاق (context) برگەن ،واتە بریتین لە کۆنسانانت و ڤاوڵ (بزرۆکە) ،بۆنمونە : (85) ض - tʃɨ ، ش- ʃɨ ، م - mɨ

## ئەنجام

1- دەنگەکانی زمان لە ڕووی کاریگەرییەوە هێزیان جیاوازە و جێگیر نییە،لەم ڕووەوە دەکرێت بۆ سێ گروپ پۆلێنبکرێن ،گروپی یەکەم دەنگە ( گیراو ،ئەفریکات و خشۆك) مکان دەگرێتەوە و هێزیان جێگیرە ،چونکە کاریگەریی دروست دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەریشەوە ،گروپی دووەم دەنگە

(لووتییەکان ،لاییەکان و لەراوەکان) دەگرێتەوە،کە هێزیان جێگیر نییە و هاوسەنگنین،بۆیە کاریگەرییان لە هەموو شوێنێك وەکو یەك وا نییە،هەروەها گرووپی سێیەم دەنگە ڤاوڵ و نیمچە (ڤاوڵ/کۆنسنانت) ەکان دەگرێتەوە،کە نە کاریگەری دروست دەکەن و نەدەکەونە ژێر کاریگەریشەوە .

2-چەقی گۆڕانی دەنگەکان یان بە واتایەکی تر کاریگەریی دەنگەکان بەسەر یەکترییەوە ،لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەمەوە دەبێت ، بەو مەرجەی ئەو دەنگەی لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا دەردەکەوێت، دەبێت دەنگەکەی لە حاڵەتی وەستاو (سکون) بێت .

3-دەنگە ڤاوڵەکان و نیمچە(ڤاوڵ/کۆنسنانت) ەکان، ڕووپۆش بۆ دەنگەکانی پێش و دوای خۆیان دروست دەکەن،بۆیە هیچ کاریگەرییەکیان نییە،واتە ناتوانن دەنگەکانی پێش و دوای خۆیان بگۆڕن،کەواتە دەکرێت بڵێین : دەنگە ڤاوڵەکان و نیمچە (ڤاوڵ/ کۆنسنانت) دەنگە کۆنسنانتەکان پەردەپۆشدەکەن و ناهێڵن بگۆڕێن ،بەمەش دەکرێ ئەو سیفەتەی دەنگە ڤاوڵەکان و نیمچە (ڤاوڵ/کۆنسنانت) ەکان وەکو یاسایەك لە زمانەکەماندا جێگیر بکرێت،چونکە هیچ کاریگەرییەك لەسەر کۆنسنانتەکان دروست ناکەن.

## سەرچاوەکان:


**-قورئانی پیرۆز**

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1976) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ،لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا .

2- بەهمەن تاهیر نەریمان (2013) کاریگەریی قورئان لەسەر زمانی کوردی،نامەی ماستەر،سکولی زمان- زانکۆی سلێمانی .

3- تاڵیب حوسێن عەلی (2015) دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆژی کوردی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

4- شێرکۆ بابان (2016) دەنگسازیی زمانی کوردی لە پێشڤەچووندا،چاپی یەکەم ،چاپخانەی منارە-هەولێر .

5- فرانك پارکەر (1983) بەیەکداچوونی درکاندنی ڤاوڵ و کۆنسنانتی وەستاو،وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە غازی فاتح وەیس،گۆڤاری کاروان ، ژمارە 6 .

6-عادل ڕەشید قادر (2008) فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی – کرمانجیی سەروو،تێزی دکتۆرا- کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی.

7- عبد الله حسین رسول(2016)کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ژمارە 6،بەرگی 3 .

8-بێستون حسن احمد (2016)، یاساکانی کەوتن و کلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا ،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ژمارە 7،بەرگی 3 .

9-عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (2015) چەند باسێکی وردی زمانەوانی - کوردی،بەرگی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر –چاپخانەی هێڤی – هەولێر .

10-عەلی حەمەد عوسمان (2021) ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا،بەرگی یەکەم،کاروان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

11- غازی فاتح وەیس (1984) فۆنەتیك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئەدیب – بەغدا.

12- مەسعود محەمەد (2011) هەندێ بابەتی زمان و ڕێنوسی کوردی،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.

13-................ (1982) لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ژمارە (95)- بەغدا.

14-محەمەدی مەحویی (2000) چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبیی،چاپی یەکەم،چاپەمەنی ژین- سلێمانی.

15-................. (2008) فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی (فۆنەتیك) بەرگی یەکەم ،زانکۆی سلێمانی .

16-................. (2020) باری بکەر نادیار ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ - سلێمانی .

17-نەوزاد عەلی ئەحمەد(2013) بەشێك لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد (زمان و مێژوو) لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی چاپخانەی خاجی هاشم -هەولێر،

18-نەسرین فەخری (1977-1978) ڕێنوسی کوردی ، فەصڵی یەکەم، کۆلێژی پەروەردە – زانکۆی بەغدا.

19-وریا عومەر ئەمین (2009) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ،چاپی یەکەم ،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر.

**به زمانی عەرەبی**

20-کمال محمد بشر (1975) علم اللغه العام – الاصوات،الطبعه الرابعه ،دار المعارف بمصر .

21-................ (2000) علم الآصوات ، دار غریب للطباعه والنشر والتوزیع،القاهره-مصر.

22- مجموعه من الباحپین،تحریر فلوریان کولماس (2009) دلیل السوسیولسانیات،ترجمه: د.خالد الاشهب و د.ماجدولین النهیبی،الطبعه الآولی ،المنضمه العربیه للترجمه-بیروت .

**به زمانی ئینگلیزی**

(2014) A Generative Grammar of . F، M.23-Muhammad Kurdish, PHD, University of Amsterdam, Published in Erbil.